# إنسانية بيري في شعر كريم دشتي ١٩٨٠ – ٢٠٠٩

**يريفان عباس أحمد**
Yerevan.A@gmail.com
**د. سامان عزالدين سعدون**
Saman.Ezadin@gmail.com
**كلية التربية/ جامعة شارمو**

**الكلمات المفتاحية:** إنسانية ,  بيري ,  شعر , كريم دشتي , كوردي

**كيفية اقتباس البحث**
أحمد , يريفان عباس , سامان عزالدين سعدون, إنسانية بيري في شعر كريم دشتي ١٩٨٠ – ٢٠٠٩,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

**Biri Humanism in Karim Dashti's Poetry 1980- 2009**

**Yerevan Abbas Ahmad**
**Yerevan.A@gmail.com**
**Saman Ezadin Saadoun**
**Saman.Ezadin@gmail.com**
**College of Education/ University of Charmo**

**Keywords** : Humanity, Perry, Poetry, Karim Dashti, Kurdish

**How To Cite This Article**
Ahmad ,Yerevan Abbas , Saman Ezadin Saadoun ,Biri Humanism in Karim Dashti's Poetry 1980 -2009 ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
Karim Dashti, one of the most prominent poets of the 1980s, has created poems that reflect humanity, a philosophy that places humankind at the heart of thought and action, respecting its dignity and value everywhere. This research explores the poetic garden the poet cultivated, where the voice of humanity and the veneration of humankind resonate in every line. On a social level, human relationships are manifested in all their diversity and origins. The poet employs symbolic language to express a world where individual existence and freedom are balanced with the protection of social interests. On a national level, the poet blends expressions of national sentiment with humanistic thought in a delicate and sincere language, without delving into nationalist slogans. Their virtues play out between humanity and nationalist thought in a way that neither protects humanity within national values nor erases national values within humanity. Rather, he summarizes this relationship as an equation between human values and national values. We have used an integrative critical approach to interpret the poet's poems. Humanism as one of the intellectual, literary and philosophical movements has had a

relationship and influence on world literature. It basically pays attention to human beings and human values. To this day, it has been reflected in different ways in art and literature to become one of the principles of new human thought, as most writers and poets as the main subject in their works have aimed at depicting human beings from several angles. In this regard, our research entitled (Humanist Thought in Karim Dashti's Poetry) is an attempt to find and reveal the poetic meanings and implications that have revealed the poet's worldview about humanist thought has done

الملخص

كريم دشتي كاحد ابرز شعراء ثمانينيات القرن الماضي ,أصبحت قصائده مرأة تتألق فيها الانسانية ,و هي فلسفة تضع الانسان في صميم الفكر و الفعل , و تراعي كرامته و قيمته في كل مكان . هذا البحث استكشاف للحديقة الشعرية التي غرسها الشاعر بيديه وحيث يتردد صدى صوت الانسان و تقديس الانسانية في كل سطر,على المستوى الاجتماعي ,تتجلى العلاقات الانسانية بكل الوانها وأصولها . يستخدم الشاعرلغة رمزية للتعبير عن عالم يتوازن فيه الوجود الفردي و الحريه مع حماية المصالح الاجتماعية ,على المستوى القومي , يمزج الشاعر التعبير عن المشاعير الوطنية بالفكر الانساني بلغة رقيقة و صادقة دون الخوض في الشعار القوميه و تلعب فضائلهم بين الانسانية و الفكر القومي .بشكل لا يحمى الانسانية في القيم القومية ولا يمحى القيم القومية في الانسانية و انما لخص هذه العلاقة كمعادلة بين القيم الانسانيه و قيم القوميه , و قد استخدمنا منهج النقد التكاملي لتفسير قصائد الشاعر لقد كان للفكر الإنساني، بوصفه إحدى الحركات الفكرية والأدبية والفلسفية، تأثيرٌ كبيرٌ على الأدب العالمي. فهو يُعنى أساسًا بالإنسان وقيمه. وحتى يومنا هذا، انعكس هذا الفكر بأشكالٍ مختلفة في الفن والأدب، ليصبح أحد مبادئ الفكر الإنساني الحديث، إذ سعى معظم الكُتّاب والشعراء، بوصفه الموضوع الرئيسي في أعمالهم، إلى تصوير الإنسان من زوايا متعددة. وفي هذا السياق، يُعد بحثنا بعنوان (الفكر الإنساني في شعر كريم دشتي) محاولةً لاستكشاف المعاني والدلالات الشعرية التي كشفت عن رؤية الشاعر للعالم من منظور الفكر الإنساني.

# بیری هیومانیزم لە شیعری کەریم دەشتیدا١٩٨٠ - ٢٠٠٩

یەریڤان عەباس ئەحمەد
Yerevan.A@gmail.com
پ.د. سامان عیزەدین سەعدون
Saman.Ezadin@gmail.com
کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی چەرموو

پوختە
کەریم دەشتی وەک یەکێک لە شاعیرە دیارەکانی نەوەی هەشتاکان، شیعرەکانی دەبنە ئاوێنەیەک کە هیومانیزمیەتی تێدا دەدرەوشێتەوە، هیومانیزم ئەو فەلسەفەیەی کە مرۆڤ دەخاتە ناوەندی هەموو بیرکردنەوەو کردارێکەوە و کەرامەت و شایستەیی مرۆڤ لە هەموو لایەک لە بەرچاو دەگرێت. ئەم توێژینەوەیە گەڕانێکە لە ناو ئەو باخچە شیعرییەدا کە شاعیر بە دەستی خۆی چاندوویەتی، لەوێدا دەنگی مرۆڤ و پیرۆزکردنی مرۆڤایەتی لە هەردێڕێکدا دەنگ دەداتەوە
لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە لە هەموو ڕەنگ و ڕەچەڵەکێکی پێوە دیارە ،شاعیر بە زمانی هێما دەرخەری ئەو جیهانەیە کە تێیدا بوون و ئازادی تاک لە گەڵ پاراستنی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتیدا لە یەک ئاستدا دارِشتووە. لە ئاستی نەتەوایەتیشدا شاعیر بە زمانێکی نەرم و دڵسۆزانە بێئەوەی بچێتە نێو دروشمە نەتەوایەتیەکە دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی لە گەڵ فیکرە هیومانیزمیەکە تێکەڵ دەکات، بە جۆرێک نە لە ناو نەتەوەدا مرۆڤایەتی لەبیر دەکات نە لە ژێر ناوی مرۆڤایەتی هەستی نەتەوایەتی قوربانی دەکات، بەڵکو وەک ئاوازێکی هاوئاهەنگ پیادەکردنی بنەماکانی هیومانیزم لە وانە یەکسانی مرۆڤەکان و ڕێزگرتن لە شایستەییان لە نێوان مرۆڤایەتی و بیری نەتەوایەتیدا دەژەنێت. بۆ ڕاڤەکردنی شیعرەکانی شاعیر سودمان لە میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری وەرگرتووە .
کلیلە وشە ( هیومانیزم ، کەریم دەشتی ، کومەڵایەتی ، نەتەوایەتی ، شیعر )

## پێشەکی

هیومانیزم وەک یەکێک لە بزوتنەوە فیکری و ئەدەبی و فەلسەفیەکان پەیوەندی وکاریگەری لە سەر ئەدەبیاتی جیهان هەبووە لە بنەڕەتدا گرنگی بە مرۆڤ و بەهاکانی مرۆڤایەتی دەدات، وەک دەداتبیرۆکەیەکی فەلسەفی لە لایەکەوە بۆ پاراستنی مرۆڤ و ماف و ئازادیەکانی لە لایەکی دیکەشەوە بۆ گەشەپێدانی توانا و کەسایەتی مرۆڤ هەوڵ دەدات. هەتا ئەمرۆ بە شێوەی جیا جیا لە هونەرو ئەدەبیاتدا ڕەنگی داوەتەوە تا ئەوەی بێتە یەکێک لە بنەماکانی بیرکردنەوەی نوێی مرۆڤایەتی ، بەو پێیەی زۆربەی نوسەران وشاعیران وەک بابەتی سەرەکی لە بەرهەمەکانیاندا وێناکردنی مرۆڤیان لە چەندین گۆشە نیگاوە بە ئامانج گرتووە . ئێمەش لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی ( بیری هیومانیزم لە

شیعری کەریم دەشتیدا)هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەو ماناو دەلالەتە شیعریانەی کە جیهانبینی شاعیریان لە مەڕ بیری هیومانیزمی دەرخستووە، لە ئەزموونی شیعری نێوان ١٩٨٠-٢٠٠٩ بیری هیومانیزمی لە ئاستی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی پانتایی جیهانە شیعرییەکەی شاعیرمان دەوڵەمەند کردووە

تەوەری یەکەم

زاراوە و چەمکی هیومانیزم

هیومانیزم ئەو ئاراستەیەیە کە مێژوویەکی درێژ و چیرۆکێکی پڕ لە گۆڕانکارییە ، کە لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە بەردەوام لە گەشەکردن و پەرەسەندندایە، خۆی لە گەڵ پێداوستییەکانی سەردەم دەگونجێنێت و وەڵامی گشت پرسە مرۆییەکان دەداتەوە، لە سەرەتادا هیومانیزم وەک بیرۆکەیەکی سادە سەبارەت بە پەروەردە دەستپێدەکات، تا بە تێپەڕبوونی کات، دەبێت بە سیستمێکی فیکری فرە ڕەهەند، کە کاریگەری لە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دەبێت و چەندین پرس لە مرۆڤدا دەوروژێنێت سەبارەت بە بوون و بەها و تواناکانی، پەی بردن بەم پرسانە و چنگکەوتنی هەر وەڵامێک دەبێتە بەرپرسیاریەتییەک بەرامبەر بە مرۆڤ و دەچێتە چوارچێوەی هیومانیزمەوە، لە بەر ئەوەی هیومانیزم هەڵگری شوناسی ویژدانی مرۆڤەکانە .

لە زمانی ئینگلیزیدا (humanism) لە زمانی فارسیدا ( انسانگرایی ، انسان باوری ، انسانگرویی) (اشوری، ١٣٨٩) هەروەها لە (فەرهەنگ متوسط دهخدا ) انسان مداری بەرامبەر هیومانیزم بە کارهێنراوە (دهخدا ،١٣٨٥،٢٧٧) لە زمانی عەرەبیدا ( المذهب الانساني , الانسانوية , الانسنة ) (ئەسوەد، ٢٠١١،٣٣٩) ( نزعة الانسانيه ) کە د. محەمەد ئارکۆن بە کاری هێناوە لە تێزی دکتۆراکەیدا بە ناونیشانی ( نزعة الانسانية في الفكر العربي ) . لە زمانی کوردیدا وشەکانی ( مرۆڤگەرایی ، مرۆڤخوازی ، مرۆڤ باوەڕی ، مرۆڤ تەوەری ، مرۆڤدۆستی و مرۆڤایەتی )بۆ بەکارهێنراون ، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا بە باشی دەزانین زاراوەی هیومانیزم وەک زاراوە گشتگیر و جیهانیەکە بەکار بهێنین.

ئەم زاراوەیە لە زمانی ئینگلیزیدا ئاماژەیە بۆ ئەم مانایانەی خوارەوە

١-بزوتنەوەی مرۆڤگەرایی : بوژانەوەی ئەدەبی کلاسیک و ڕۆحی تاکەکەسی و ڕەخنەیی وە جەختکردنەوە لە سەر نیگەرانییە دونیاییەکان ، وەک لە سەردەمی ڕینیسانسدا دیار بوو

٢-فەلسەفەی مرۆڤگەرایی فەلسەفەیەکە ، کە جەخت لە سەر بەهای مرۆڤ وتوانای گەیشتن بە خۆبەدیهێنان لە ڕێگەی عەقڵەوە دەکاتەوە ، زۆر جار ڕەتی دەکاتەوە باوەڕ بە هیچ دەسەڵاتێکی سەرو سروشتی بکات . (النعیمی،٢٠٠٧،٢٠) بۆ تێگەیشتن لە مانای چەمکی هیومانیزم سەرەتا پێویست دەکات لە ڕەگ و ڕیشەی چەمکەکە تێبگەین ((چەمکی هیومانیزم لە وشەی (humanitas) ی لاتینی کۆنەوە هاتووە کە مانای

کردەی مرۆیی یان مرۆڤایەتیبوون دێت وشەی (humanus) یش مانای مرۆییدەگەیەنێت، لە دوایشدا هیومانیزم مانای دوونیابینییەکی تایبەت دەگەپەنێت، کە کەرامەتی مرۆڤەکان دەکاتە بنەمای سەرەکی خۆی )) (کۆمەڵێک نووسەر،٢٠١٨،٢٠)

((ڕەگ وریشەی هیومانوس لە وشەی (Umanista)ی ئیتاڵییەوە هاتووە کە لە کۆتایی سەدەی پانزەهەم یان سەرەتاکانی سەدەی شانزە بۆ ئاماژەدان بوو بە زانایەک یان مامۆستایەکی بواری زانستە مرۆییەکان ، دیسپلینەکانی ڕێزمان ، ڕەوانبێژی ،شیعر، مێژوو و فەلسەفەی ئەخلاق داهێنرابێت . ئەم توێژینەوانە لە ژێر ناونیشانی لاتینی( studia humanitatis) ئاماژەیان پێکراوە ،ئەم دەستەواژەیە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەهەم ، کە ئاماژە بە جیاوازییەک دەدات لە نێوان لێکۆڵینەوەی مرۆڤایەتی ولێکۆڵینەوەی ئاسمانی ))(Norman ,8,2005) هەر بۆیە (( هیومانیزم مانای جیاواز لە خۆ دەگرێت ، کە پەیوەندییان بە (humanitas) ەوە هەیە. مێژووی زاراوەی هیومانیزم مانایەکی جیاوازی بە دەست هێناوە لە شێوازێکی ژیانی عەقڵانی و نا ئایینی ، پاراستنی ئامانجە سەرەتایەکەی کاتێک بۆ ساڵانی (١٤٠٠-١٦٠٠)بە کاردەهێنرێت ، زۆر جار بە هیومانیزمی ڕێنیسانس ڕووندەکرێتەوە ، بەڵام گرنگە لە بیرمان بێت ، کە بیرمەندانی ڕێنیسانس خۆیان زاراوەی هیومانیزمیان بە کار نەبردووە .)) (2020,Cartwrigt)

شیشرۆن یەکەم کەس بوو کە وشەو چەمکی (humanitas)ی بەکار هێناوە، لێرەوە چەمکی هیومانیزم لە دایک دەبێت ،ئەویش یەکەم جار لە یەکێک لە نووسینەکانیدا ساڵی٨٠ پ.ز نووسیویەتی(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠١٨،٦٠) بەڵام وەک چەمکە ئەبستراکتەکە (( هیومانیزم بۆ یەکەم جار لە لایەن زاناو پەروەردەناسی ئەڵمانی " Nietammer.J.F" لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ( ١٨٠٨) بۆ وەسفکردنی مەنهەجی ئامادەیی و زانکۆ لە سەر بنەمای ئەوەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بە زانستەکانی (مرۆڤ )ناسرابوو داڕێژرابوو.لێکۆڵینەوە لە زمانی یۆنانی کۆن ولاتینی ، ئەدەب ، مێژوو و کولتووری ئەو گەلانەی کە قسەیان پێ دەکرد .))(Dives,,9,2008)

ئەم بەکارهێنانە لە لایەن ڕابەرانی هیومانیزمەوە بۆ جەختکردنەوە بوو لە سەر توێژینەوە کلاسیکیەکان لە پەروەردەدا بە پشت بەستن بە کولتووری یۆنانی کۆن چونکە وەک سەرچاوەی مەعریفەی باڵا لێیان دەڕوانی، بەڵام(( جاکوب بورکات باس لە مرۆڤایەتی دەکات نەک تەنها وەک مەنهەجێکی پەروەردەیی بەڵکو وەک دیاردەیەکی کولتووری فراوانتر و ئاماژەدان بە ململانێی ئەگەری لە گەڵ کەنیسەی مەسیحی.)) (9,2005،Norman) هەروەها ((مێژوونووسانی سەدەی نۆزدەهەم بە قبوڵکردنی وەک وشەیەکی گشتی، دەیانویست لەو واقیعە تێبگەن کە لە بواری تایبەتی پەروەردەدا دەمێکە تێپەڕیوە ،هەر بۆیە هیومانیزم لە چاوی ئەواندا بزوتنەوەیەکی جوانیناسی ، فەلسەفی ، ئایینی و مەدەنی بوو کە

لە سەدەی پانزدەهەم لە ئیتاڵیا سەری هەڵدا )) (ماری،١٣٩٩،١٦) ئاشکرایە بە پێی سەردەم و قۆناغەکان ، کۆمەڵگا مەحکومە بە گۆڕانی بەردەوام ، بە پێی ئەم گۆڕانەش بیرۆکەکان پێشدەکەون ، هیومانیزم وەک بیرۆکەیەک هەرگیز نەوەستاوە ، لە هەر سەردەمێکدا وەڵام دەرەوەی پێداویستیەکان بووە، هەر بە پێی ئەوەی ئەم چەمکە چەندین ڕەوت و بزوتنەوەی جیاوازی لە خۆ گرتووە، کەواتە بیری هیومانیزمیش لە نێوان سەردەمەکاندا هەڵگری پێناسگەلێکە کە هەریەکەیان تێڕوانینی جیاوازیان لە بارەیەوە هەیە، لەو تێڕوانینانەوە پێناسەیان کردووە و کردویانەتە سەرچاوەیەک بۆ تێگەیشتن لە هەر دیاردەیەک.
یەکێک لەو تێڕوانینانە کە لە بارەی هیومانیزمەوە خراوەتە ڕوو ئەوەیە کە( هیومانیزم لە مانا تایبەتەکەیدا بۆ بزوتنەوەیەکی دیاریکراو لە سەردەمی ڕێنیسانس بە کاردەهێنرێت، کە خەمی سەرەکی لێکۆڵینەوەی بەرهەمە کۆنەکانی یۆنانی بووە، بە تایبەتی لێکۆڵینەوە لە زمان، ئامانجی ئەم بزوتنەوە کولتووریە گەڕان بووە بە هێزەکانی ناوەوەی مرۆڤ و بەرزکردنەوەی مەعریفە و ڕزگارکردنی ژیانی ئەخلاقی و ئایینی بووە لە تەرازووی بەها بەسەرچووەکانی کڵێسادا، بە گرنگیدان بە دەقە کلاسیکیەکانی کولتووری کۆنی یۆنانی و ڕۆمانی ) (منگل،١٣٩٠،١٨)
جی.ای.کادن لە فەرهەنگی ئەدەبیات و نقد بەم شێوەیە پێناسەی دەکات ؛ ((هیومانیزم بزوتنەوەیەک بوو ، بەرهەمێک بوو کاردانەوەی گومانێکی تایبەت و بەربڵاو بوو . شێوازێک بوو بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ ئەو ناهاوسەنگییەی ، کە بە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی پروا و گومانەوە دروست بووبوو.)) ( کادن،١٣٨٦،١٩١) لێرەدا هیومانیزم شێوازێکە بۆ مامەڵە کردن لە گەڵ ناهاوسەنگی نێوان پروا و گومان خراوەتە ڕوو ، جەخت کراوەتە سەر دینامیکی نێوانیان وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی پەیدابوونی هیومانیزم
هانس ، گ ، موسە لە پێناسەی هیومانیزمدا دەڵێت : ((هیومانیزم بریتیيە لە جیهانبینییەک ، کە خۆی بە پرس و بەها و کەرامەتی مرۆڤەوە سەرقاڵدەکات و جەختیش لە سەر مرۆڤدۆستی دەکاتەوە ، هیومانیزم هەوڵدانێکە بۆ گەڕانەوەی کەرامەتی مرۆڤەکان و دروستکردنی کەسایەتییەکی ئازاد ،کە بتوانێت جۆرە ستایلێکی ژیان دروست بکات ، هەروەها کۆمەڵگەش لە سەر بنەمای مرۆڤایەتی بەڕێوە ببرێت )). (کۆمەڵێک نوسەر،٢٠١٨،٣٦) ئەم پیناسەیە هیومانیزم لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتردا دەخاتە ڕوو کە هەم لایەنی تاکە کەسی هەم لایەنی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە و وەک ڕێبازێک بۆ گۆران و چاکسازی دەیبینێت ، نەک تەنها بیرۆکەیەک .
لە پێناسەیەکی تردا هاتووە
هیومانیزم (( شێوازێکی نوێی بیرکردنەوەیە و بارێکی دەروونی کەسایەتی مرۆڤە و سەرفرازی تەواوی ئەو پێش هەموو شتێک دادەنێت ، هەروەها مامەڵەکردن بە گوێرەی ئەو حاڵەت وشێوازی بیرکردنەوەیە ، واتە بیرکردنەوەو مامەڵە کردن بە هۆشیاری و جەختکردنەوە لە سەر کەرامەتی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مرۆڤ و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە مرۆڤایەتی ڕەسەن )) (https://payanbam.ir/product)
کەواتە فەلسەفەیەکی ژیرانەیە ، کە مرۆڤ وەک بونەوەرێکی بە هەست ، بیرمەند و خاوەن توانا دەبینێت بەو مەبەستەی ، کە هەموو تاکەکان ژیانێکی ئازاد و بە کەرامەت بژین ، مرۆڤ لە ناوەندی بیرکردنەوەو کردەوەکانی خۆیدا دابنێت .

کۆمەڵەی مرۆڤ دۆستانی ئەمەریکا لەپێناسەیەکی گشتگیردا دەڵێن هیومانیزم فەلسەفەیەکی پێشکەوتووخوازانەی ژیانە کە بە بێ (تیزم ، تەوحید )یان بیروباوەری سەرو سرووشتی ، تواناو بەرپرسیارێتیمان دوپات دەکاتەوە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ئەخلاقی بە دیهێنانی کەسی کە ئاواتە خوازی چاکەی گەورەترە)) (https://american humanist.org) لێرەدا گرنگی بە بوونی مرۆڤ دەدات لە دەرەوەی چوارچێوەی ئایینی و میتافیزیکی داخراو .

لە پێناسەیەکی تردا عەلی شەریعەتی دەڵێت :((مرۆڤگەرایی قوتابخانەیەکە، کە ئامانجی بنەڕەتی خۆی لە ڕزگار کردن و تەواوکاری مرۆڤ لە جیهاندا ڕادەگەیەنێت و مرۆڤ بە بونەوەرێکی بەرێز دەژمێرێت و ئەو بنەمایانەی کە پێشنیاری دەکات لە سەر پایەی وڵامدانەوەی ئەو نیاز و پێویستییە بنەڕەتیانەیە کە جۆری مرۆڤ دروست دەکات )) (شەریعەتی ،٢٠١٤،٥٣)

جاکوب بۆرکهات بەم شێوەیە پێناسەی هیومانیزمی کردووە "هیومانیزم دۆزینەوەی جیهان و مرۆڤ "ە (Burckhardt,114,1878) بورکات پێی وایە ئەوە هیومانیزمە مرۆڤ ئاشت دەکاتەوە لەگەڵ خۆی و دەورووبەری ،بەو توانایەی هەیەتی لە ڕێگەی عەقڵ و بیرکردنەوە لە جیهان بگات ، هەروەها لە ڕێگەی ناسینی خۆی ژیانێکی شایستەتر بونیاد بنێت،کەواتە هیومانیزم مرۆڤی لە تاریکی دەرهێنا و پێی گووت تۆ بەهێزیت بیر بکەرەوە بژی .

((گۆتەش پێیوایە ئاقاری مرۆگەری ئەو هەوڵە بەردەوامەیە مرۆڤ دەیدات ، بە مەبەستی گەیشتن بە قەشەنگترین نمونەی ئینسانی .)) ( ساڵح، ٢٠٠٧،٨٠) ئەمەش واتای ئەو کۆششانەیە کە مرۆڤ دەیکات بۆ پەرەپێدان و فێربوون وە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە باشترین وەشانی مرۆیی خۆی

هەروەها دکتۆر دڵشاد چەمکی هیومانیزم لە ناو ئەدەبیاتدا لەوەدا کورت دەکاتەوە کە دەڵێت:((چەمکی مرۆڤایەتی هەموو ئەو هەست وسۆز وبیرانە دەگرێتەوە کە بایەخ بە مافەکانی مرۆڤ دەدەن وەک تاک و وەک کۆمەڵ لە چوارچێوەیەکی مرۆڤدۆستانەی ئەوتۆ کە دوورێت لە هەموو سیماو شەقڵێکی ڕەگەزپەرستانە))(تەها،٢٠١٣،٦)

دکتۆرە ڕیزانیش پیێوایە (( هیومانیزم ڕێبازێکی فەلسەفی ئەدەبی مادییە و ئایینی نییە کە جەخت دەکاتەوە لە سەر تاکی مرۆڤ دژی ئایین وزیاتر گرنگی دەدات بە بیرو بۆچوونی ماددی دونیایی))(غەفور،٢٠٢٣،١٤)

لێرەوە دەگەینە ئەوەی، کە بڵێین هیومانیزم ڕێبازێکی فەلسەفی و فکریی و ئەدەبییە، کە بەهای مرۆڤ و تواناکانی بەرز ڕادەگرێت، جەخت لەسەر

گرنگی ئەقڵ، ئازادی و مافی یەکسانی هەموو مرۆڤەکان دەکاتەوە، ئەم فەلسەفەیە مرۆڤ دەکاتە خاوەن توانایەکی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە و بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی دەخاتە ئەستۆ، بەرامبەر بە خۆی و کەسانی تر و ژینگە، بە بێ پشتبەستن بە هێزی سەروو سروشتی، لە ڕێگای خۆپەروەردەکردن و بەدەستهێنانی هۆشیاری گشتییەوە.

هیومانیزم وەک بزوتنەوەیەک کەلە سەردەمی ڕێنیسانسەوە دەستی پێ کرد ،بنەماکانی خۆی لە سەر لێکۆڵینەوە مێژوویەکان و ئەدەبیات و فەلسەفە و کولتووری مرۆیی دانا ، ئەمانەش وەک لقی زانستە مرۆییەکان ئامڕازەکانی پێشکەوتنی هیومانیزمی دابین دەکەن بۆ تێگەیشتن لە ئەزموونی مرۆیی و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی . وە لە کایە ئەدەبییەکەدا ئەو نووسەرانەی هەڵگری بیری هیومانیزمن هەوڵیان داوە تیشک بخەنە سەر سەرجەم لایەنەکانی پەیوەست بە مرۆڤایەتیی کە لێرەدا (کۆمیدیای یەزدانی)ی دانتی و (دیکامیرۆن)ی پۆکاشیۆ نوینەرایەتی ئەم ئەدەبیاتە دەکەن پاشان بۆ شکسپیر و نوسەرانی تری هەڵگری ئەم بیرە شۆڕ دەبێتەوە

تەوەری دووەم : بیری هیومانیزم لە شیعری کەریم دەشتیدا

هیومانیزم لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا

سەرەتای ئەم باسەمان بە بۆچونەکانی یەکێک لەهیومانیستەکانی سەردەمی ڕێنیسانس دەستپێدەکەین ئەویش (تۆماس ئەکویناس)ە کە پرۆای وابوو مرۆڤ لە جەوهەری خۆیدا بوویەکی کۆمەڵایەتییە، بنەوانی کۆمەڵگاش لە بوونی تاکدایە، کۆمەڵگا شوێنی کۆبوونەوەی تاکەکانە و ئەمەش شتێکی سروشتییە، واتا دروستبوونی کۆمەڵگا بە بێ بنەمانییە وپاسایەکی سروشتی پشتیوانی لێ دەکات. ئەویش بڕیتییە لە پێویست بوونی مرۆڤ بە وەی بە کۆمەڵ بژی.) ( سیوەیلی،٢٠١٣،٣٢٥) لەم ڕوانگەیەشەوە دەڵێین ئەدەب ئاوێنەی کۆمەڵگایە و ڕاستەوخۆ دەنگ و هەستی تاکەکانی کۆمەڵگا دەخاتە ڕوو، ئەدەب تەنها دەربڕین نییە، بارتەقای ئەوەی **هۆکارێکی** گرنگی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیە. بەشێک لە ئەرکی ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئەو بەها ڕەوشتیانەیە کە لە کۆمەڵگەدا باون، هەروەها ڕەخنەگرتنە لە دیاردە نەرێنیەکانی پەیوەست بە مرۆڤایەتی

لە ڕووی مێژووییەوە ئەدەب بۆتە ئامرازێک بۆ پاراستنی ناسنامەی مرۆیی بە تایبەت لەو قۆناغانەی کە هەوڵی سڕینەوەی شوناسی مرۆیی دراوە هەروەها ڕۆڵی گرنگی لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا هەبووە. پردێک بووە بۆ پەیوەندی لە نێوان جیاوازیەکان و بەرژەوەندییەکان و هۆکارێک بووە بۆ باشتر لە یەکتر گەیشتن

لە گەڵ کاریگەری ئەدەب لە سەرکۆمەڵگا، دەبێت ئەوش لە بەرچاو بگرین کە ((دەقی ئەدەبی بەرهەمی ئەو کۆمەڵگا بچوکەیە، کە لە دیوی ژوورەوەی مرۆڤدا بوونی هەیە، بچوککراوی کۆمەڵگا گەورە و واقیعەکەیە، هەر لەبەرئەوەشە، کە دەقی ئەدەبی دەبێتە تابلۆی بارۆدۆخە

کۆمەڵایەتیەکان مەدلوول و پەیامەکانی کۆمەڵگای لە خۆیدا کۆکردۆتەوە ))(مەلازادە،٢٠٢١:٢٤٣)
چونکە نوسەر وشاعیران زادەی کۆمەڵگان و خوڵقاوی نێو هەناوی ئەو ژینگەیەن، ئەمەش وا دەکات ڕوداو و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان ببنە سەرچاوەی ئیلهام، کێشەوقەیرانەکان ڕەنگ بە نوسینەکان بدەن و پەنجە مۆر لە سەر بیرکردنەوەی نوسەران جێبهێلن ((پەیوەندی نێوان نوسەر و واقیعە کۆمەڵایەتییەکە پەیوەندییەک نییە تەنیا لە یەک ڕووەوە بێت بەڵکو پەیوەندییەکی دیالێکتیکییە بۆیە نووسەر ئاوێنە نوما و وێنای ژیانە کۆمەڵایەتییەکە دەکات بە زمانێکی تازەو جیاواز ئەویش زمانی گۆزارشتی ئەدەبییە ))(مستەفا،٢٠٢٢،١٢)
هیومانیزم وەک بیرۆکەیەکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی کاریگەری لە سەر جیهانی ئەدەب و هونەر هەبووە و بە شێوەیەکی بەرچاو ڕۆڵی خۆی لە گۆڕینی دیدگای مرۆڤ بەرامبەر بە خۆی و کۆمەڵگا گێراوە لە ڕێگەی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە، شیعریش وەک هونەرێکی دەربڕین، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گەیاندنی پەیامی هیومانیزمی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، لەو بارو دۆخانەی کە مرۆڤ و کۆمەڵگا لە هەوڵی دروستکردنی جیهانێکی دادپەروەرانە و یەکساندان.(ئەدەبی هیومانیزمی بەرگری لە فەزیلەتە مەدەنییەکانی دیموکراسی دەکات کە ئازادی کەسی لەگەڵ بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی تێکەڵ دەکات.) (https://humanistfedeation )
بیری هیومانیزمی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، گرنگی بە بابەتە کەسییەکان دەدات لە چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکەدا( هیومانیزمی کۆمەڵایەتی لە سەر ئایدیاڵیزمی کۆمەڵایەتی دامەزراوە، هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە ئەندامانی چینە جیاوازەکانی تاکی بکەری کۆمەڵایەتی چی قەرزاری یەکتر و کۆمەڵگان بە پێچەوانەشەوە کۆمەڵگا چی قەرزاری ئەوانن)(Ellis,17,2011 )هەر بۆیە لەم ئاستەدا دەپرسین ئایە شیعرەکانی کەریم دەشتی وێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی بوونی تاک هاوپێچ دەکات لە گەڵ کێشە کەسییەکان ؟ کامانەن ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە بە زمانێکی هونەری بەیان دەکات ؟ شیعر دەکاتە پردێک بۆ گەیاندنی دەنگە جیاوازەکان ؟ ئایا دەنگی شیعری لە شیعرەکاندا ئومێد و هیوا بەخشە ؟ ئەی چی لە گەڵ ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و هاندان بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی ؟ ئایا هۆشیاری کۆمەڵایەتی دەبێتە بابەت لە بیری کەریم دەشتیدا ؟لە شیعرەکانیدا چ وێنەیەک دەکێشێت بۆ ژن ؟
سەرەتا دەمانەوێت دان بەو ڕاستیەدا بنێین ، کە لە ناو وقوڵایی بیرو داهێنانی کەریم دەشتیدا ، گەیشتن بە پۆلێنکردنێکی کۆمەڵایەتی یەکلاکەرەوە ئەستەمە چونکە بەرهەمەکانی شاعیر خاوەنی چەندین ڕەهەندی گۆڕاوو بزاوتی جیاوازن ، کە بەردەوام لە گۆڕاندان ، ئەم هەڵکشان و داکشانە فیکرییە ڕێگە نادەن شیعرێک لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا جێگیربێت .ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا هەوڵ دەدەین لە ڕێی چەند دەقێکی شیعرییەوە ، ئەوە ڕوون بکەینەوە کەکەریم

دەشتی لە ڕێگەی هونەر وزمانە شیعرییەکەوە چۆن وەڵامی ئەو پرسیارانەمان دەداتەوە

"ئاستانەی نامۆبوون " ناونیشانێکە بۆشیعرێکی کەریم دەشتی و وەکو دەرگایەکە، کە بە کردنەوەی کۆدەکانی تۆ دەگۆڕێت، خوێنەر دەخاتە حاڵەتی دەروونی تایبەتەوە، شاعیر هەر لە ناونیشانەکەوە ڕاستەوخۆ دەلالەتێکی دەروونی مرۆیی بەرجەستە دەکات و شیعر دەکاتە نێوەندێک بۆ دەرخستنی دەروونی مرۆڤ لە نیو کۆمەڵگایەک کە بەهای تاکەکان کەوتۆتە بەر پێی نا دادی ونایەکسانی، کاتێکیش تاک بەهاکانی خۆی وەک مرۆڤ لە ترسی کۆمەڵگا لە دەست دەدات ، ئەوکات سەرەتای سەرهەڵدانی نامۆبوون دەست پێ دەکات ،چونکە ( نامۆبوون حاڵەتی کەسێکە لە ژێر کاریگەری بارودۆخ و ژینگەی دەوروبەر_ ئایینی _ ئابووری _ سیاسی _ ئیرادەی خۆی لە دەست داوە )( سارتەر،٤٣،٢٠٢٠) نامۆبوونی تاکەکان لە ڕوانگەی شاعیرەوە بریتییە لە کوشتنی ڕەهەندەکانی هیومانیزمیەت، بۆیە شاعیر لێرەوە هەوڵدەدات لە ڕێگەی شیعرەوە گوتارێک بەرهەم بهێنێت هەموو ئەم ئەنتی هیومانیزمییەتە مەحکوم بکات و فەزایەکی ڕەخنەگرانە بخوڵقێنێت کە تێیدا پرسەکانی کۆمەڵگا سەبارەت بە نەریتە باوەکان بوروژێنێت لە پێناو هێنانەدی مرۆڤایەتی و گەڕانەوەی بەهاکان بۆ مرۆڤ و بیانباتەوە بۆ ناو سەرەوەریەکانی خۆی ، ئەمە تەواوی هێماکانی شیعرەکەیە ، داکۆکی کردنێکی سیمبولییە لە مرۆڤ ، هەمان ئەو نامۆبوونەش لە ئەنجامی ئەو نا داد پەروەرییەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە هیومانیزم وەک داکۆکیکارێک لە بەهای مرۆڤ، هەست بە وەفاداری بەرامبەر ژیان دەکات، تا ئەوەی پێمان دەڵێت:

**بێ ئەنوا بووی لەپت تاوڵی چیایان بوو**
**جریوەی زمانی بێچوە مەلەکان شکا بوو**
**لایەکت وەکو بەفری سپی**
**ڕێبەندانی شاخ هەڵ دەچوو**
**لایەکەی ترت ئاگر بوو**
**گریانت لە هەوکێ مابوو** (دەشتی،٢٠٢١،٥١)

شاعیر لێرەدا دەبێتە دەنگی ئەو باوەڕە هیومانیزمییەی، کە مرۆڤ لە ڕێگەی زمان و پەیوەندیکردنەوە توانای شکاندنی پیرۆزییەکانی کۆمەڵگای هەیە بۆ گەیشتن بە کەماڵی دەروونی و ڕۆحی. ئەو دۆخەی شاعیر بە وردی وێنای دەکات، حاڵەتێکە تاک پێیدا تێدەپەڕێت تا بگا بەوەی هەستەکانیشی نەدرکێنێت. ئەم وێنە شیعریيانە بە شێوەیەکی میتافۆر بارگرانی و بێدەنگی مرۆڤێک دەردەخات کە لە ناوەوەیدا گینگڵدەدات، ئەم قەتیسبوونەش کە لە ڕەهەندێکی دەروونییەوە سەرچاوە دەگرێت لە ئەنجامدا دەبێتە نامۆبوونی کۆمەڵایەتی ( کاتێک تاک لە گەڵ ئەو کۆمەڵەیەی تیایدا دەژی هەستی بە پچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کرد حەز و ئارەزوو ئاوات و ڕاوبۆچونەکانی(کە جیهانی ناوەوەی تاک پێکدەهێنێ

) دژ بە ئاوات و ڕاو نەریتی کۆمەڵەکەی بوو کە جیهانی دەرەوەی تاک پێکدەهێنێ نەتوانرا لێک نزیک بکرێنەوە و بەردەوام لە ململانێدا بوو ئەو کاتە هەست بە نامۆبوونی کۆمەڵایەتی دەکات .) ( سەعدوون،٢٠٢٢،٣٥٨ )

لە دیدی هیومانیزمییەوە، مافی دەربڕین و خۆبەدەرخستنی تاک بەهایەکی بنەڕەتییە تا تاک بتوانێت لە تواناکانی خۆی کەڵک وەربگرێت، لە کۆپلەی دواتردا دەڵێت:

**کەرویشکەکانی ناو سەرم سرک بوون**
**زەینت لە پێستی ڕامیان گیر نەدەبوو**
**تۆ لە دەرگایێ ڕاوەستابووی**
**سەرما ڕومەتی قاو دابووی**

(دەشتی،٢٠٢١،٥٢)

شاعیر لێرەدا نمایندەی تاکێکی هۆشیار دەکات و قبوڵی ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتیانە ناکات کە دەیانەوێت پۆلێنی بکەن، چونکە هۆشیار وسرکە و ڕام ناکرێت. ناتوانێت بە ڕوانینێکی سادەو ڕووکەش لەو (منە) بگەن، چونکە ئەو منە قوڵترە لەوەی کە دەبینرێت.

شاعیر پێمان دەڵێت : هەستە ناکۆکەکانی مرۆڤ کاتێک دەرفەتی دەرپرینیان نەبێت، لە جیاتی ئەوەی ببنە سەرچاوەی داهێنان و پێشکەوتن، دەبنە کێشەیەی دەروونی و پاشان سەردەکێشنە نێو کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بەمەش دەقەکە فەلسەفەیەکی تاکێتی _ کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکات کە پێی وایە خۆناسین و خۆ دەرپرین پرۆسەیەکن کارییگەرییان لە سەر تەندروست بوونی کۆمەڵگا هەیە.

لە دەقێکی تردا کە بە ناونیشانی( خەڵوەت) دەڵێت:

**شەوێکیان ئاگری خەونی خۆم**
**لە سێوی دڵ بەرداو خانەقام جێنەهێشت**
**ئەستێرەم یەک یەکە بە کتێبی دانتی ئاوا کرد**
**مانگ لە نێو درەختی ئاسماندا**
**ئەوینی شەڵالی خۆی دەکرد**
**خاتوونی تێکەڵی دوا قومی نەی دەکرد**
**ئەو شەوە ئاگرێک لە دڵما داگیرسا**
**چومە نێو شیعرێکی ئەبەدی**

(دەشتی،٢٠٢١،١٧٩)

شاعیر لەم شیعرەدا هۆشیاری دەباتە نێو دێری شیعر و دەچێتە دۆخی تێرامان و لە ڕێی تەکنیکی گێڕانەوەوە گەشتێکی دەروونی بۆ ناو جەوهەری مرۆڤایەتی خۆی دەست پێدەکات، ناونیشانی " خەڵوەت " کە چەمکێکی عیرفانە و ئاڕاستەی تەواوی شیعرەکە دیاری دەکات، سەراپای شیعرەکە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، وشەو دەستەواژەکان دەخاتە خزمەتی خۆی و شیعرەکەی لە سەر بونیاد دەنێت. زمانی ئەم شیعرە لە سەر چەمکی خەڵوەت بونیاد نراوە و خەیاڵ و وێنەکان هاوئاهەنگن و ڕیتم و ئاهەنگی شیعرەکە لە گەڵ حاڵەتی دەروونی شاعیردا یەکدەگرێتەوە

ئەم شیعرە توانای مرۆڤە بۆ ناسینی خۆی، ئاراستەیەک پیشان دەدات کە مرۆڤ بتوانێت ڕۆحی خۆی بدۆزێتەوە . هیوم دەڵێت:(ئەوەی لە دەرەوە دەبینرێت ناوەوە ئاراستەی دەکات، لە بەر ئەوە هەر چاکسازییەکی ڕاستەقینە دەبێت لە ناخی تاکەکانەوە دەست پێبکات ) (سەعید.١١٩,٢٠٠٦) شاعیر هەوڵ دەدات جیهانێکی دیکە پێشنیار بکات کە تێیدا جۆریک لە هارمۆنیەت لە نێوان دونیای دەرەوە و دونیای ناوەوەدا دروست بکات. لەم شیعرەدا شاعیر بە بیرێکی ڕەخنە گرانە لە چوار چێوەی ئەدەبی هۆشیارکەرەوەدا، هەوڵ دەدات ئاستی هۆشیاری تاک و کۆمەڵگا بەرزبکاتەوە بۆ ئەوەی لە دۆخی خۆیان تێبگەن، مرۆڤایەتی لە خەوی غەفلەت و نەزانی بەئاگا بێنێت، چونکە(زۆربەی ئەو کێشانەی لە ڕێرەوەی ژیانی مرۆڤدا ڕوبەڕووی دەبنەوە بەرهەمی نائاگایی و ناهۆشیارییە، کە ئەم ناهۆشیاریەش بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ نارێکی لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا)(سلێمان،٢٠٢٢) شاعیر وێنەی چینێکی باڵای کۆمەڵگا دەکێشێت. لێرەشەوە هۆشیاری کۆمەڵایەتی و شۆرشی شاعیر بەرامبەر نادادی و نایەکسانی چەشنی گرێک بڵێسە دەسێنێت، لێرەدا هیومانیزم جەخت لەوە دەکاتەوە مرۆڤ لە ئەنجامی خۆناسین دەگاتە ئازادی کۆمەڵایەتی ، تا بتوانێت پێوەرە نەریتیەکان تێپەڕێنێت و پەیوەندی لە گەڵ بوون دابمەزرێنێت، هەروەها پێشنیاری پەیوەندییەکی نوێ دەکات لە گەڵ کات و شوێن کە سنورەکانی نەریت و کولتووری باو بشکێنێت، ئەم جۆرە تێپەڕاندنە بە ئازادکردنی ئیرادەی مرۆڤ لە کۆت و بەندە کۆمەڵایەتی و نەریتیەکان بەرجەستە دەبێت. لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

**کە سواری بەلەمی دڵم بووم**
**دار ئاڵا و خاک و خۆڵ ، خانەقا چۆڵ و هۆڵ**
**لە ڕوخساری گەشتی نێرڤانا تواینەوە**
**لە نوریا داگیرساین**
**لەوسەرەوە چوینەوە ڕێی باریک ، دۆڵاو دۆڵ**
(دەشتی، ١٧٩،٢٠٢١) "

لێرەدا گەیشتنە بە دۆخی ئاگایی تەواو، کە تێیدا مرۆڤ لە سنورەکانی "من" ئیگۆی ڕزگاری دەبێت و دەگات بە هێمنی و ئاگایی تەواو، کە شاعیر بە بەکارهێنانی وشەی نێرڤانا( ئامانجێک پێشکەش دەکات بۆ دەربازبوون لە تەنگەشە و بەدەست هێنانی ئارامی ڕوحی و دەروونی. بەڵام شاعیر لە کۆتایی ئەم کۆپلەیەدا دژواری وسەختی ڕێگای گۆرانکاری کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو و ئەو گەشتە درێژخایەنەی کە تێیدا کۆسپ و تەگەرە زۆرە (دۆڵاو دۆڵ) لە بەردەم خەباتی مرۆڤایەتی بۆ ڕزگار بوون لە نادادی کۆمەڵایەتی. لە کۆپلەی دواتردا دەڵێت :

**کە دوێنێ منتان دی لە کتێبی شەفەق**
**سەری خۆی دادێنا**
**لە کەشتی سەرخۆشی ڕامبۆدا گوڵاوم پیا دەکرد**
**لە سەمای ئەو دیوی هۆشمەوە**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

**تێکەڵی مەشخەڵی ڕێ بووم**
**ئێستاکە پیریەتی سوتاندی**
**کەوتومەتە پاوانی ناو ساڵان**
**من و شیعری سپیم لە کەزی درێژی تۆ ئاڵاین**
(دەشتی،٢٠٢١،١٧٩)

شاعیر ئاماژە بۆ دۆخێکی هۆشیاری دەکات کە لەودیو هۆشی ئاسایی مرۆڤەوەیە و خۆی وەک پێشەنگێکی کۆمەڵایەتی بە بەشێک لەو ڕوناکییە دەزانێت کە ڕێگای مرۆڤ ڕوناک دەکاتەوە، لێرەدا شاعیر ئەرکی ڕوناککردنەوەی ڕێگای نەتەوەو کۆمەڵگەی لە ئەستۆ گرتووە، کە هەستی بەرپرسیاریەتی تاکە لە بیری هیومانیزمدا. هەروەها بانگەشەی ڕزگار بوون لە بیری کۆنەخوازی و دۆگما ( پیریەتی )دەکات و ئاماژە بە مێژووی نەریتی کۆمەڵایەتی و پاوانخوازی دەدات

لە کۆتا دێردا ئەم شیعرە هەوڵێکی سەرنجڕاکێشە بۆ گونجاندنی تیۆرییە هیومانیستییەکان لە گەڵ ئەزموونی کولتووری و کۆمەڵایەتی، شاعیر گەیشتۆتە شێوازێکی تایبەت لە هیومانیزمی ڕۆژهەڵاتی کە تێیدا بەهاکانی تاک و خۆناسین تێکەڵ بە نەریتی ڕوحانی و فەلسەفی دەکاتەوە، بەمەش بەشداری دەکات لە پرۆسەی بونیادنانی هیومانیزمێکی نوێی کوردی کە دەتوانێت وڵامدەرەوەی پرسە مرۆییە هاوچەرخەکان بێت .

دەتوانین بڵێین، ئەم شیعرە لە سەر هێڵی پەیوەندی نێوان هیومانیزمی ڕۆژئاوایی و نەریتی سۆفیگەری ڕۆژهەڵاتی کار دەکات. بەم جۆرە لەم شیعرەدا کۆمەڵێک بزاوتی فیکری لە شێوەی گواستنەوە لە کایەیەکی هیومانیزمی بۆ کایەیەکی هیومانیزمی دیکە هەیە، شاعیر گەمەکانی خۆی لەم ڕووە دەکات، کە هەندێ جار ڕەهەندێکی سیاسی و هەندێجار ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و هەندێجاریش ڕێرەوی سۆفیگەرێتی هەیە و هەر بۆیە خەڵوەت وەک پرسیارێک لە بەردەم خوێنەر دادەنێت، تا بزانین شاعیر چۆن لە خەڵوەت دەروانێت وەک نەهامەتی یان دەرفەت، ئەمەش وا دەکات خوێنەر بە وردی سەرنج بداتە ئەوەی شاعیر چۆن ئەزموونی خەڵوەت پێشکەش دەکات

شاعیر لە شیعری (ژنێک لە گیا ) دا دەڵێت :

**ژن**
**ئەی لوئلوئی لالا**
**یاقوتی شکاو ، کە ئاسک مەستی شکانە**
**ئاقیقی ڕژاو ، کە نارسیس غەرقی ئاوێنەی ئاوە**
**عەتری پژاو ، شەوق و شەباقەی برین و بۆ**
**ڕەزمی نەوا ، کە چرۆی زینە وەکو باخی ڕەزانە**
**لالەنگی زەلال گوڵ و گوڵگون**
**کەفچەری دەریا ، کە تەمەن پیرێکی ڕەهەندە**
**دەفڕەنی باخاتی بەهەشت**
(دەشتی،٢٠٢١،٢١٨)

ناونیشانی ژنێک لە گیا دەرفەتێکی گرنگ دەخاتە بەردەست بۆ کردنەوەی کۆدە هیومانیزمییەکان
لەم شیعرەدا ، ناونیشانەکە میتافۆرێکی قووڵە کە لە دوو توخمی سرووشت ومرۆڤ پێکهاتووە و ناونیشان بیرۆکەی سەرەکی شیعرەکە دەخاتە ڕوو، هەموو وێنە شیعریەکان بەرەو ناونیشانەکە دەکشێن، کە بە بێ ناونیشانەکە دەتوانرا وەک کۆمەڵێک وێنەی پەرشو بڵاو تەماشا بکرێن، شاعیر هەر لە ناونیشانەکەوە ژن وەک بوونێکی سروشت دەخاتە ڕوو، بوونێک کە لە گەڵ سروشتدا ئاوێزانی یەک دەبن و گۆرانی بۆ ئەو هیزە ناوەکییە جوان و قوڵ و مەعنەویە دەچڕن کە شاعیر زیاتر لە جوانی باسی دەکات ئەمەش هەوڵدانی شاعیرە بۆ بە لوتکە بردنی ژن، بە ڕیتمێکی نائاسایی و شکاو بێدەنگی و چاوەڕوانی نێوان دێرەکان ڕاستەوخۆ ژن دەدوێنێت و وێنایەکی جوان و ڕێزدارانە دەکات بە باڵای ژن بووندا، هەروەها دەمانباتە ناو ئەو هێزە جاویدانییەی ژن کە لە ڕوکارێکی شکاویشدا هەر دەدرەوشێتەوە، دەنگی شاعیر دەیەوێت بڵێت جوانییە پەنهانییەکەی ژن لە کاتی شکانیشیدا هێشتا بەنرخ و بەویقارە
نارسیس کە وینەی خۆی لە ئاوەکە دەبینیت عاشقی خۆی دەبێت، بەڵام شاعیر وەزیفەی ئەم ئەفسانەیەی گۆڕیوە بۆ وەزیفەیەکی مرۆڤایەتی و ئەو ئاوەی کە نارسیسی ئەفسانە خۆی تیابینیووە ئەوە ژن بووە، ئەمەش بۆ بەهاڕێزکردنی ژن و پاراستنی ئەو بونەوەرەیە لە ناو کۆی مرۆڤایەتیدا. هەروەها مەدلولێکی دی دەدات بە ئاقیق و پێمان دەڵێت پیرۆزی ژن تەنها بونێک نییە ، بەڵکو ئاوێنەیەکە بۆ ناسینی خود، بۆ غەرقبوون لە قوڵترین لایەنەکانی مرۆڤایەتی.
هەروەها وێنەیەکی ئاڵۆز دەکێشێت کە ژان و ئازار لە گەڵ ڕوناکی و بۆن تێکەڵدەکات، ژن وەک بوونێک پێشکەش دەکات کە هەمیشە ئازارەکانی دەگۆڕێت بۆ ڕوناکی و کاریگەری، ئەمەش هێزێکی ناوەکی قوڵ دەردەخات کە لە هیومانیزمدا ئیرادەی ژنە وەک مرۆڤ . ژن بە سەرچاوەی خۆشەویستی و حیکمەت وینا دەکات، کە باڵادەستی ناوەکی دەدات بە سەر بابەتە ڕوکەشەکاندا
شاعیر تەماشای ژن ناکات وەک جەستەو چێژ، بەڵکو وەک سەرچاوەی ژیان، ناوەندێتی گەردوونی و بوویەکی خاوەن بەهای مرۆڤایەتی دەیبینێت. مەرامی شاعیر قوتارکردنی ناسنامەی ژنبوونە لە چوارچێوەی تەسکی کۆنی کۆمەڵگادا، لە کۆتاییدا شاعیر دژی ئەوەیە ژن تەنها وەک جەستە و چێژ سەیر بکرێ.

لە شیعرێکی تردا بە ناونیشانی " بۆ ئەبەد " دا شاعیر بە زمانێکی سادە و بەکارهێنانی ڕستەسازییەکی سادە بەڵام کاریگەر و قووڵ بە ئاوازێکی نەرم موخاتەبەی کەسی دووەمی تاک دەکات و دەڵێت:

**من بە تیشکی چاوەکانی تۆ**
**ژیان دەخەمە ناو قووتووی ئەبەدی**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**توری هەڵدەدەمە دەریا**
**سەیرکە ئەوانە چەند بە پەلەن**
**پێیان وایە ژیان تەواو دەبێت**
**کە لە مێژە ئەوانی تەواو کردووە** (دەشتی، ٢٠٢١، ٣٨٠)

لە ناوەڕۆکی ئەم شیعرەدا چڕبوونەوەیەکی قوڵی هیومانیزمی دەبینین کە چۆن شاعیر بە دیدێکی ڕەخنەگرانە دەڕوانێتە عەقڵیەتی مۆدێرنتە و بە وشەیەکی سادەی قوڵ " پەلە " دیاردەیەکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی سەردەمی مۆدێرنتە دەخاتە ڕوو کە چۆن چەمکی کات لە سیستمی سەرمایەداریدا بووەتە کاڵایەک بە بەری مرۆڤایەتیدا. بەڵام شاعیر لە نیوان ( من _ ئەوی تر _ ئەوان)دا ئەوەی کە نوێنەرایەتی زۆرینە دەکات (ئەوان)ە سنورێکی دیاریکراو لە نیوان منی شاعیر و ئەواندا دروست دەکات، ئەم داپڕانە ڕەنگدانەوەی دۆخی کۆمەڵایەتی شاعیرە کە وێنای تاکێک دەکێشێت کە نەکەوتبێتە ژێر هەژموونی کۆلۆنیالیزە کردنی کات لەم سەردەمەدا، بۆیە پێمان دەڵێت نەک دەتوانن بەندەی کات نەبن، بەڵکو دەتوانین ژیان لە بێنەو بەردەی کاتە فیزیکیەکەوە بگوازینەوە بۆ ناو فەزایەکی دی (میتا مێژوو) کە پیرۆزکردنی ژیانە، لێرەدا شاعیر بەم خوازەیە دەمانباتەوە بۆ دونیای پێش مۆدێرن واتە گەرانەوە بۆ سروشتی مرۆڤ. یان دەیەوێت پێمان بڵێت لە نێو دەریای نەزانراودا لە هەوڵی ڕاوکردنی هۆشیاریدا دەتوانیت بگەیت بەو دیو مێژوو .

شاعیر لە بری ئەوەی ئەبەدیەت وەک چارەنووسێکی نەگۆڕ ببینێت دەیکاتە دەسپێکی پرۆژەیەکی ژیان ویستی تا نەکەوێتە ژێر هەژموونی مۆدێرنتەوە، ماناداری بداتە ژیانی مرۆ ( تیشکی چاوەکانی تۆ ) دەکاتە ئەلتەرناتیڤێک تا سنورەکانی کات و شوێن ببرێت، ئەمەش بە میتافۆری ( قوتوی ئەبەدی ) دەردەبڕێت کە ئاماژەیە بۆ دەرچوون لە سنوری کاتی ئاسایی

لە ڕوانگەی ئۆنتۆلۆژییەوە قوڵترین مانای هیومانیزم دەردەبڕێت. لە ڕوانگەی هیومانیزمییەوە مرۆڤ بە هۆی توانای بیرکردنەوەو هۆشیاری دەتوانێت سەروو کات بێت، واتە دەتوانێت بە بیرکردنەوە ، خەیاڵ و داهێنان سنوری کاتی فیزیکی تیپەڕێنێت.

ئەم دیدگایە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کۆی شیعرەکەوە هەیە. دەبینین شاعیر بە دیدێکی ڕەخنەگرانە لە کۆمەڵگە، وشەو پەیڤە یاقیق ئاساکانی خۆی دەکاتە ڕستێک بۆ گەردنی شیعری کوردی و کەلێنێکی تر پردەکاتەوە.

لە کۆتای ئەم باسەماندا دەڵێین شاعیریش تاکێکی کۆمەڵگایە و زیاتر لە تاکاکانی دیکە هەست بەم ناڕەوایەتییە دەکات بە حوکمی زیاتر ڕۆچوونی بە ناو برینەکانی کۆمەڵگادا، زیاتر لەوانی دیکە هەست بە داڕمانی مرۆڤایەتی دەکات لە دەست زوڵمی سەردەم و یاساکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دەوروبەری، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ دوالیزمی سروشتی ژینگەی مرۆڤ. چوون شاعیر لە شیعرەکانیدا لە ڕیگەی میتافۆرەوە ، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کاریگەرییەکانی لە سەر دەورووبەر دروست

دەكات، ئەمەش لە گەڵ فەلسەفەی هیومانیزمدا هاوئاهەنگە، كە جەخت لە سەرگرنگی تاك و پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكان دەكاتەوە. سەرجەم شیعرەكانی شاعیر كە باسی لە ژن كردووە ، وێنەی ژنی وەك بوویەكی ئیستاتیكی و بوونەوەرێكی چالاك و هاوچەرخ و پڕ لە ڕوناكیی لە بوونی مرۆڤایەتیدا تەماشا دەكات. وە جەخت لە سەر بەهاكانی تاكی مرۆیی و خۆناسینی تاك دەكاتەوە ئەمەش لە پای گەیشتن بە ئازادی كۆمەڵایەتی. دەبینین دیدگاكانی هیومانیستی شاعیر بەرجەستەبووی ئەو جیهانبینییە فراوانەیە كەهەمیشە دەلاقەكانی واڵان بۆ گۆڕانكاری وەك خۆی دەڵێت : ( هەوڵمداوە سەرچاوەی خوێندنەوەكانم گەشە پێ بدەم و لە ڕووی زمان و فۆرم و دونیابیندا ، گۆڕانێ دروست بكەم ، چونكە گەر وانەكەم ئیدی نوسینی دیكەی شیعری زەرورەتی نامێنێ.) (دەشتی ٣٤،٢٠١٩، بۆیە شاعیر لە ڕێگەی هونەری شیعرەوە مرۆڤ لە ناوەندی بیركردنەوەكانیدا دادەنێت ،ئەمەش وای كردووە شیعرەكانی هەڵگری پەیامێكی قووڵی مرۆیی بێت .

باسی دووەم : بیری هیومانیزم لە ئاستی نەتەوایەتیدا

هیومانیزمی نەتەوەیی خۆی لە ناوەندی دیالێكتیكی نێوان پرسە نەتەوەییەكان و مرۆییەكاندا دەبینێتەوە، خۆی لە بۆتەی مێژوویی نەتەوە بندەستەكان دەدۆزێتەوە، ئەم ڕەوتە فیكرییە، سنوری دوالیزمی نەتەوەخوازی و بنەماكانی هیومانیزم تێدەپەڕێنێت و هەوڵی دامەزراندنی بیرۆكەیەك دەدات كە بەهاكانی كەرامەت، ئازادی و دادپەروەری لە چوارچێوەیەكی هۆشیاری گشتیدا لە خۆ بگرێت، چونكە ( هۆشیاری و بیری نەتەوەیی داینەمۆی بزوتنەوەی نەتەوەیین، ئەوە نەتەوە نییە كە دەوڵەت و ناسیۆنالیزم دروست دەكات، بەڵكو بە پێچەوانەوە ناسیۆنالیزم و دەوڵەت نەتەوە دروست دەكات .)( قانع،٥٣،٢٠٠٥)
لە كاتێكدا لە سەردەمی مۆدێرنتەدا هەر چۆن تاكە كەسی خاوەن شوناس درووست دەبێت، دیسان جەماوەری هۆشیاریش درووست دەبێت، واتە جەماوەرێك كە لە سەر بنەمای ڕێوا بوون دوای شتەكان دەكەوێت))(قەرەداخی،١٦،٢٠١٣) لێرەدا ئەم تاكە كەسە لە چوارچێوەی بیروباوەڕ، مێژوو، زمان و كولتووری هاوبەشدا، بەشدارە لە دروستكردنی هۆشیاری جەماوەری و ئەم هۆشیارییە بە هەستكردن بە خاوەنداریەتی كۆمەڵایەتی، بەشداریكردن لە داب ونەریتەكان و لە چوارچێوەی بیری نەتەوەیدا، ئەم هۆشیارییە دەگۆڕێت بۆ هەستێكی قووڵی هاوبەشی نەتەوەیی، كە پارێزگاری لە میراتی نەتەوەیی و دەستنیشانكردنی سنوورە سیاسی وكولتووریەكان كە شوناسی جیاكردنەوەی نەتەوەیە دەكات، بێ ئەوەی ئەوانی دیكە كەمبكاتەوە، بەم شێوەیە تاكە كەس ڕەنگرێژی ئەو بیرۆكە نەتەوەییە دەبێت كە ڕەنگدانەوەی لە ڕەفتار، هەڵوێست، بەشداری سیاسی و تەنانەت لە شێوە هونەری وئەدەبیەكانیشدا دەبینرێت. بۆیە میشیلیە (١٧٩٨-١٨٤٩) (( نەتەوە وەك


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

تاكێک له قەڵەم دەدات کە چۆن کوشتن و ژێردەستەکردنی مرۆڤ تاوانە لە ناوبردن و ژێردەستە کردنی نەتەوەیەک کە ڕێژەیەکی زۆری لە مرۆڤ وەک تاکە کەس لە خۆگرتووە تاوانێکی گەورەتر و مەترسیدارترە )) (سعید،٢٠٠٦,١٩٦)

لەم سۆنگەیەوە بەرگریکردن لە مافی نەتەوەیی نابێتە پاساوێک بۆ پێشێلکردنی پرەنسیپە گەردونیەکانی مافی مرۆڤ ، بەڵکو هیومانیزمی نەتەوەیی پێمان دەڵیت دەکرێت مرۆڤ هاوکات دڵسۆزی نەتەوەکەی بێت و دڵسۆزی مرۆڤایەتیش بێت، دەکرێت ببێتە پرۆژەیەک کە شوناسی نەتەوەیی لە گۆشەنیگایەکی پۆست -کۆلۆنیاڵی بخوێنێتەوە بە جۆریک پاراستنی نەتەوە بێتە هەنگاوێک بەرەو پاراستنی مرۆڤ لە جیهانێکی نوێدا و هەوڵی خۆبەڕێوەبەری بدات، کە بەم شێوەیە پاراستنی شوناسی نەتەوەیی دەبێتە بەشێکی دانەپراو لە پاشخانی نەتەوەیی و هەربۆیە (ناسیۆنالیزمی کوردی لە کۆی خەبات و تێکۆشانیدا گەورەترین ئامانجی ڕزگار بوونی نەتەوە بووە لە توانەوەو فەوتان ، لە بەر ئەوە هەوڵی داوە کە پەیوەندی و ڕایەڵەکانی نێوان (نیشتیمان ، نەتەوە ، تاک )بە جۆرێک بتەنێت و یاکانگیریان بکات کە خزمەتکردن بە هەریەکێکیان ڕاستەوخۆ خزمەتکردن بێت بە ئەوانی دیکە.....لە گەڵ ئەوشدا خەبات بووە لە پێناو مسۆگەرکردنی ژیان و گێڕانەوەی ڕێزومافی مرۆڤبوون بۆ تاکی کوردی )(سەعید،٢٠٠٦،١٩٧)

هەر بۆیە هیومانیزمی نەتەوەیی خۆی وەک بەشێک لە کۆمەڵگای گەورەی مرۆڤایەتی دەبینێت نەک وەک یەکەیەکی سەربەخۆ و بەرتەسک، ئەم دیدگایە جەخت لە سەر بەهای کولتووری خۆی دەکاتەوە بە بێ ئەوەی بایەخی کولتووره جیاوازەکانی تر کەم بکاتەوە، بەم شێوەیە نەتەوە دەبێتە ناوەندێک بۆ بەرهەمهێنانی کولتوور و بەهاکانی مرۆڤایەتی، جەمال نەبەز دەڵێت:((بیری نەتەوەیی کوردی قوتابخانەیەکی نویی مرۆڤ دۆستانەیە، بە هیچ جۆرێک لە گەڵ قەومییەی ڕۆژهەڵاتی و بیری ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاواییدا یەک ناگرێتەوە. ڕاستییەکەی بیری نەتەوەیی کوردی سەرچاوەکەی لە بیری قوتابخانەی کوردی سۆسیالیزم هەڵقوڵاوە، کە سۆسیالیزم بە ئازادی و یەکسانی کۆمەڵگای ئادەمیزاد تیدەگات))( نەبەز،٢٠٠٢،١٦١) پێویستە ئەوە بڵێین جیاوازییەکی زۆر هەیە لە سروشتی بیری نەتەوایەتی لە شیعری شاعیران و جیهانبینی شاعیر، بەڵام لەم چوارچێوەیەشدا(( ئەگەر بێت و ئەدیب یان نوسەر لایەنگری بیر و باوەڕی نەکات و تێبینیەکی تایبەتی نەبێت بۆ خۆی بەرامبەر بە ژیان وپێشکەوتنی مرۆڤایەتی چۆن دەتوانێت ئاڵای ئەدەب و نوسین و ڕۆشنبیری هەڵبگرێ و بێتە ڕابەری گەل))(مستەفا،٢٠١٩،٢٢٢) ئەوەی جێی پرسیارە ئەوەیە چۆن بتوانین نەتەوایەتی بوون بپارێزین بێ ئەوەی بکەوینە داوی ناسیۆنالیزمێکی ڕادیکاڵەوە؟ ئەمەش بە دانایی و جیهانبینییەکی فراوان دەبێت کاتێک باوەڕمان بە ڕەگەکانی بوونی خۆمان هەبێت و لە هەمان کاتدا ڕوومان لە ئاسمانی مرۆڤایەتی بێت

لە بەر ڕۆشنایی ئەم بیرە هیومانیزمییە گەشتێک دەکەین بە نێو هەندێک لەو شیعرانەی کەریم دەشتی ، بە تایبەت دیوانی خاک و خۆڵ " کە لە زاری خۆیەوە دەڵێت: هەموو شیعرەکانی نێو دیوانی خاک و خۆڵ لەو چرکە ساتانەدا نوسراون ، کە نەتەوەکەم لە ژێر تەپ وتۆزی هێزی بێرەحمیدا غەرق بوو بوو. بۆیە هەر پارچەیەک لەو شیعرانە لە نێو نائومێدییەکی گەورەدا غەرق بووە ، نائومێدییەک لەوەوە سەری هەڵداوە..... باس لە کوشتنی جوانی و لە مەرگی مرۆڤ دەکەم بەڵام نەهاتووم دروشم داڕێژم ) (دەشتی،٢٠١٢،٦٤)بۆیە سەرنجدان لەو تێما و بیرۆکانەی کە لە خزمەت بیری هیومانیزمی نەتەوەییدان دەکەینە ئامانجی شیکاریەکەمان

دەپرسین ئایا کەریم دەشتی توانیویەتی پردێک دروست بکات لە نێوان ناسنامەی نەتەوەیی و بەهاکانی مرۆڤایەتیدا ؟ تا چ ڕادەیەک توانیویەتی لەهەژمونی نەتەوەیی هەنگاو هەڵگرێ بەرەو ئاستێکی فراوانتری مرۆڤایەتی ؟ چۆن کەسایەتی مرۆڤ وەک تاک و وەک بەشێک لە نەتەوە لە شیعرەکەدا بەرجەستە دەکات ؟ ئایا شاعیر پەیامێکی هیومانیزمی هەیە کە بنەمای نەتەوەی تێپەڕاندبێت ؟ دیدگای بەرامبەر شوناس و کولتوور و کەلەپوری نەتەوەیی کە بنەمایەکی هیومانیستییە لە ئاستی نەتەوایەتی چۆن دەخاتە ڕوو ؟

**لە دەستپێکی شیعری "وەرزێکی گران" دا دەڵێت :**

**ئای لەم گۆڕە بەرد و دارە**
**چەند هێمن و چۆڵ و هۆڵە**
**ئای چەند کۆرپەی سەرپڕاوی وا بە کۆڵە**
(دەشتی،٢٠٢١،١٨)

شاعیر لێرەدا بە زمانێکی ساکار و هەڵبژاردنی وشەی گونجاو کە لە گەڵ ناوەرۆکی هەستیاری شیعرەکەو دۆخی دەروونی شاعیر دا هاوئاهەنگە، سەرەتا شاعیر بە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەمانباتەوە بۆ سەردەمێکی سەختی مێژووی نەتەوە، ئەم ناونیشانە هێمایەکی پڕ تراژیدیایی نەتەوەیە ، کە لە سەرو بەندی کۆستە گەورەکانەوە سەری هەڵداوە و بەرۆکی تاکەکانی گرتبوو، لە نەهامەتی و دەردەسەری و سەختئەندازیەکانی ژیاندا نوقوم بووبوون، بەم وەسفەوە شاعیر لە ڕووی هیومانیزمیەتێکی گەورەوە هەوڵ دەدات هەمان ئەو ئازار و تراژیدیایە بۆ دونیا ئاشکرا بکات، بەم جۆرە شاعیر گوزارشت لە خەمی نەتەوەو خاک و مرۆڤەکان دەکات و بۆیان دەدوێت، ئەم جۆرە لە هیومانیزم جیاوازە لە هیومانیزمی ڕۆژئاوایی، لێرەدا تاک و کۆمەڵ گرێدراوی یەکن و ئەزموونی تاکە کەسی هەمیشە پەیوەستە بە ئەزموونی نەتەوەوە، لەم شیعرەدا شاعیر لە ڕوانگەی خۆیەوە سەیری دۆخەکە دەکات و وێنەی شیعری دەخولقێنێت تا پێمان بڵێت ئەو هێمنییە نیشانەی بێدەنگی گەلێکە کە سەرکوتکراو و دەنگ کپکراون، وێنە شیعریەکان دەبنە هاوارێک دژی فەرامۆشکردن و لە دەنگی بێدەنگەکانەوە ئەو هاوارە بەرزدەکاتەوە و


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ /العدد ٦

میتافۆری کۆرپە دەبێتە دەنگی هەموو مرۆڤێکی سەرپراو بە بێ دیاری کردنی زمان و ئایین و نەتەوە کە لێرەشدا گوتاری شیعری لە گوتارێکی نەتەوایەتییەوە دەپەڕێتەوە بۆ گوتارێکی نێو نەتەوەیی. لێرەدا شاعیر باری قورسی مێژووی مرۆڤایەتی نەتەوەیەک هەڵدەگرێت، بانگەوازێک دەکات و گەل بە شایەت وەردەگرێت تا بە ئاگاو هۆشیار بن لە ڕووداوەکان و ئەو ڕوداوانەی کە جەستەی خاکیان شەقار شەقار کردووە ئازارەکان هێشتا زیندوون و برینەکان تازە دەبنەوە، ئاماژە بەو زریانە دەکات ( وێرانبوون ، ڕاگواستن ، قڕکردن و کاولکاری ) کە جار دوای جار لە گەڵ هەر ستەمێکی تر قەتماغەی ئەو برینانە هەڵدەدرێنەوە، تا ئەوەی لە کۆپلەی دواتردا شاعیر بە دەنگێکی خەمناک پێمان دەڵێت:

**سەیرکەن چۆن**
**زریان چاوی برینی ڕەز دەکاتەوە**
**سەیرکەن چۆن لێواری داس**
**دڵی گوڵە گەنمەکانی ئەم هەوارە ئەداتەوە**
**ئای چەند چۆڵە**
**کێیە بتوانێت غەریبی ئەم هەوارە**
**وەرزێ بۆ دوا بباتەوە** (دەشتی،١٨،٢٠٢١)

ئەمە بەشێکە لە گوتاری بەرخۆدان و خۆڕاگری لە ئەدەبی کوردیدا کە تێیدا سروشت و مرۆڤ پێکەوە گرێ دەدرێن بۆ دەربڕینی هەژموونی نەتەوایەتی، پەردە لە سەر ئەو خەباتە نەتەوەییانە هەڵدەماڵێت، کە بەرهەمی ئازار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان نەتەوەکانە لە پانتایی نیشتمانێکدا، لە کاتێکدا برینەکانی نەتەوەو تراژیدیا مێژووییەکان دەخوێنێتەوە، هاوکات هەوڵی ژیانەوە و سەرلەنوێ چەکەرەکرنی دیدگای نەتەوەیی دەدات. دواجار شاعیر پرسێک دەوروژێنێت چۆن دەتوانین لە ناخی ئازارێکی نەتەوەییدا غەریبی هەڵبژێرین؟ چون بتوانین بەرەو ڕووی ڕابردوویەکی دوور بگەڕێینەوە؟ کە لە بنەمای هیومانیزمدا نەتەوە بەشێکە لە سروشتی خودی ئازاد وسەربە خۆ و ئەوە هێزە دەرەکیەکانن کە دەبنە هۆکار بۆ خولقاندنی ئەو داگیرکارییە و کێشانی سنور لە نێوان مرۆڤایەتیدا .

**شاعیر لە شیعری ( پشودان ) دا دەڵێت:**

**ئاگادار بە کۆترەکانی ئەم هەوارە**
**نووستوون بێداریان مەکەوە**
**هەر کۆترێ کۆچەری ڕێیەکی سەختە**
**هەر ڕێگایێ**
**بۆ کێڵگەیەکی پر چەقۆی بەفر بەختە**
**نووستوون بێداریان مەکەوە** (دەشتی،١٥،٢٠٠٢١)

شاعیر بە زمانێکی شیعری و ڕوون و بە ڕیتمێکی نەرم هەستی تاکەکەسی خۆی لەگەڵ ئازاری گشتی نەتەوەدا یەکدەخات و دیالۆگێکی قوڵ دەستپێدەکات کاتێک شاعیر دەڵێت ئەم کۆترانە خەمی منن پاشان ئەم خەمە بۆ خەمی ئێوەو شارەکەم پەلدەهاوێژێت، پەیوەندییەکی


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

دیالێکتیکی دروست دەکات کە تێیدا تاک (شاعیر) گوزارشت لە ویستی گشت (نەتەوە) دەکات، ئەمەش بنەمای فەلسەفەی هیومانیستییە کە تێیدا تاک وەک بەشێکی دانەبڕاو لە نەتەوەکەی پێناس دەکرێت، بەڵام بە شێوەیەکی دەگمەن، شاعیر هێمای کۆتر وەک خوازەیەکی سەرەکی بەکاردەهێنێت، کە لە خۆیدا چەند مەدلولێک هەڵدەگرێت، لە هێما کلاسیکیەکەوە کە هێمای ئاشتی بوو بۆ هێمای خەباتێکی بێوچان دەگوازێتەوە، ئەم پرۆسەیە بەشێکی گرنگی هیومانیستیە کە هێماکان لە چوارچێوەی کۆنتێکستی نوێدا مانای نوێ وەردەگرن. بۆیە لێرەدا تەنها هێمایەکی شیعری ساکار نییە، بەڵکو دەربڕینی فەلسەفەی بوونە، کاتێک خەمی کۆترەکان بە خەمی خۆی لە ڕووکەشدا خاوەنداریەتی دەردەخات، بەڵام لە قوڵاییدا پەیوەندییەکی ئۆنتۆلۆژی دەبینین کە شاعیر و کۆترەکان بوونێکی هاوبەشیان هەیە، کە ئەویش "خەم"ە ئەم یەکگرتنەی تاک و هێما نوێنەرایەتی یەکبوونی مرۆڤ و نەتەوە دەکات لە بیری هیومانیستی_نەتەوەییدا . لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت : .

**ئەم کۆترانە خەمی منن**
**خەمی چاوی یارەکەمن**
**ئەم کۆترانە خەمی ئێوەو شارەکەمن**
**لێیانگەڕێ تا بە ڕەوە سەر هەڵئەگرین**
**بۆ چاوێ لە تیشکی پێکەنینمان**
**سەدان دەریاچەی خەم دەپرین**
**یا ئەم خەمە لە گۆڕ ئەنێین**
**! یاخود هەتا مردن ئەفڕین** (دەشتی،٢٠٢١،١٥)

لێرەدا شاعیر مردن لە چوارچێوەی خەباتی ناسیۆناڵیستیدا دەبینێت، ئەو مردنە وەک قوربانیدان بۆ نەتەوە پیرۆز دەکات، نەک وەک ڕێگایەک بۆ ڕزگاری ڕۆحەکان، کە ئەم بیرە جیاوازە لە میتافیزیکیای کلاسیک، پارادۆکسی(فڕین/مردن) گوزارشتێکی شیعرییە لە هەمان ئەو پارادۆکسەی کە نەتەوەی کورد لە مێژووی خۆیدا بەردەوام لە گەڵیدا ڕوو بەڕوو بۆتەوە (یان سەرکەوتن یان نەمان ) بەڵام شاعیر لێرەدا بە هیچ شێوەیەک مردن وەک کۆتایی نابینێت، بەڵکوو هێمای بەردەوامی و پارێزگارییە لە شکۆی هەمیشەیی . چونکە ئازادی لە نیو خەمدا، لەم دێرەدا بە دیار دەکەوێت. ئایا مرۆڤ دەتوانێت لە قوڵایی خەمدا ئازاد بێت ؟ شاعیر هێمای فڕین دەکاتە وێنەیەک و نەمری دەخولقێنێت چونکە پێی وایە خەباتی ئازادی نەتەوەیی خۆی لە خۆیدا دەربڕینی ئازادییە ، لە کۆتایدا ئەم شیعرە دەبێتە دەنگی نەتەوەیەک کە لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە خۆی دەناسێنیت و داوای مافی بوون و مانەوە دەکات، لێرەدا نەتەوە خوازی نەبووەتە ئامانج، بەڵکوو وەک ئامڕازێک بۆ ڕزگار بوونی مرۆڤ دەردەکەوێت، مرۆڤێک کە لە نێو کۆی نەتەوەدا شوناسی تەواوەتی خۆی دۆزیبێتەوە

هەر لە درێژەی بیرە نەتەوایەتیەکە و خزمەتکردن بە مرۆڤایەتی شاعیر لە شیعری کتێبی (قەڵا) دا چەندین وێنەی شیعری دەخولقێنێت (شمشێری



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

شکاوی ئەسکەندەر ، خودەکەی زەینەفۆن،جامێ مەی،شاژنی میدیا ،دامێنی قەڵا ، خشتی ڕماو ،ئاگریداخ،گۆڕستانی چراغ) کە بیری هیومانیزمی لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ ، مێژوو،کولتوور و خەباتی نەتەوەیدا وێنا دەکات و دەڵێت:.

**بروسکێ بوو ، لە شمشێری شکاوی ئەسکەندەر**
**شەوقێکیش ، لە خوودەکەی زەینەفۆن**
**ئاوێنەی خۆرێک بوو لە باخەڵ**
**جامێ مەی ، لە دەستی شاژنی میدیا**
**کە ئەوانەی بیرکەوتەوە تازە بەهار**
**داوداو لە دامێنی قەڵا**
**لە ژێر خشتە ڕماوەکاندا ، سەری دەردێنا**
**هەناسەیەکی هەڵکێشا ، وەک ئاگر و ئاگری داخ**
**ئەو ڕۆژە ماڵی خۆی**
**بردەوە گۆڕستانی چراغ**

(دەشتی،٢٠٢١،٤٣٥)

شیعرەکە بە شێوەی شیعری ئازاد نوسراوە بە زمانێکی ساکار و قوڵ و سیمبولیک دەیەوێت وێنەیەک نمایش بکات کە هەڵگری جووت مەبەست بێت، واتە لە لایەک کولتوور و شوێنەواری کولتووری وا وێنا دەکات کە قەڵا ڕەنگینەیەکی دەگمەنە و گەنجینەیەکی بێنەزیرە، وەک من-ی شاعیر دەچێتە ناو دەماری نۆستالیژیا و غوربەتەوە سەبارەت بەم شوێنە بەرز و بەرجەستەیە، کە بە داخەوە وەک ئەوە وایە ونمان کردبێت وبە دوایدا بگەڕێین، ئیدی لێرەوە لایەنی سۆز بۆ ئەم ڕابردووە دەست پێ دەکات، کە شوێنی یادەوەریەکان بوو، پڕ بوون لە داکۆکیکردن دژی هێرش و شەبەیخونی هەموو ئەوانەی کە مرخی خۆیان لێ خۆش کردبوو. لە لایەکی دیکەوە هەمان من- ی شاعیر وەک ئیستاتیکای شوێن ئاشکرای دەکات کە ئێمە خاوەن پێگەیەکی کولتووری جوانین، بەم جۆرە هەوڵ دەدات پەیوەندییەکی مێژوویی گرنگ لە میانی بیرکردنەوەی نەتەوەیی و بوژانەوەی غوربەت و جوانی و داهێنان دەربخات، واتە پاراستنی جوانی و کولتوورو شوینەوارە کولتووریەکان یەکسانە با پاراستنی گیانی نەتەوەیی بۆیە شاعیر لە نێوان مێژوو و سیمبولدا هێڵێکی هاوبەش دەکێشێت بۆ دەرپرین لەو بیرە هیومانیستییە، کە بنەمای سەرەکی بیری نەتەوایەتین لە ڕوانگەی هیومانیزمەوە

خوێندنەوەیەکی هیومانیستی لە چەقی ئەم دێرەدا لە مۆتیڤی سەردەرهێناندا بەرجەستەکردنی میتافۆرێکی بنچینەییە بۆ دووبارە ژیانەوەی نەتەوەیی. ڕەهەندی بەرگریکاری و خۆڕاگری و زیندوومانەوە دەردەخات .

دەکرێ شاعیر وەک تەواوکاری یەکتر لە کۆنتێکستی شیعرەکەدا بە کێشانی کۆمەڵێک وێنە ئەو هێمایانە بخاتە سیاقێکی مێژوویی کە پەیوەستن بە ئەزموونی بە کۆمەڵی نەتەوە و هەروەها هێمایەکی

ئەبەدی بن بۆ دەربرینی ئومێد وبەردەوامی، پەیوەندییەکی قوڵیان بە چەمکی ڕۆشنگەری و خۆناسینەوە هەیە، کە ئەمەش نوێنەرایەتی ئەو باوەڕە هیومانیستییە دەکات کە مرۆڤ لە چەقی گەردووندایە، دروستکەری مێژووی خۆیەتی

ئەو من-ەی شاعیر لە دونیابینی خۆیەوە دەیەوێت ڕۆحی پڕ لە ئیرادەی مرۆڤایەتی وێنا بکات ، ئەو ڕۆحەی لە هەموو هەوڵەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا بەرجەستە بووە. شاعیر ئەو وێنەیە بە جۆرێک وێنا دەکات لە سەر بنەمای نەمری و خۆڕاگری بێت، نەک لە سەر تۆڵەسەندنەوە و ڕق ئەمەش گوزارشتێکی قوڵە لە ژیانویستی.

لە کۆتایدا دەگەینە ئەوەی شاعیر لە ڕێگەی دەقەوە بنیادی نەتەوەیی لە هاوکێشەی هیومانیستیدا دەبینێت ، هەموو ئەو هێماو وێنانە دەبنە بنچینەی هیومانیستێکی هاوبەشی مرۆڤایەتی کە تێیدا مرۆڤ و مێژوو و زمان پێکەوە گریدراون ،وە پەیوەندی شاعیر بە هەموو هەبوونەکانی دوروبەر واتە هەموو مرۆڤەکان و هەموو شتەکان کە شوناسی مژادییان (مادی)هەیە دەردەخات

کاتێک وشە وەک ئاگرێک لە دڵی شاعیردا بڵێسە دەسەنێت و خەمێکی مرۆیی بەرامبەر نەتەوە درک دەکات، ئەوا شیعری " هەڵۆ " لە دایک دەبێت.

**وەک ئاگرێ، منداڵە بێ چەترەکانی**
**ژێر هەوری ئێوارە بەفرێ بیکەنەوە**
**چنگێ عەشق و خۆشەویستیت بۆ جێهێشتین**
**کەمەربەندی کێلە مێژووی خۆرەتاوت بۆ جێهێشتین**
**ئەگەر تاکە مەلێک بوایت**
**درەختەکان لە گۆنای گەڵا ئەتۆران**
**ئاڵای پاییزیان هەڵئەکرد**
**ئەگەر تەنها شەپۆلێک بوایت**
**ڕوبارەکان شەختەی زانیان لە بەر ئەکرد**

(دەشتی،٢٠٢١،٣٢)

ئەم دێرانە وێنەیەکی شیعری شکۆمەندن لە پێکەوە گرێدانی مێژوو لە گەڵ داهاتوو کاری جێهێشتن هێڵێکی پتەو لە نێوان ڕابردوو وداهاتوودا دەکێشێت کە تێیدا پەیوەندی ئۆرگانیک لە نێوان نەوەکان و بەرپرسیاریەتی مێژوویی دروست دەکات. ئەم دێرانە لە جەوهەردا هاواری هیومانیزمی نەتەوەیی کوردین کە تێیدا مرۆڤ نەک هەر تەنها خاوەنی چارەنووسی خۆیەتی بەڵکو میراتگری ڕابردوو و وەسیەتکاری داهاتووشە، ئەو سێگۆشە مرۆییە لە نێوان مێژوو ئێستا و داهاتوو لە ژێر ڕۆشنایی خۆرەتاودا فەلسەفەیەکی هیومانیستی نەتەوەیی بەرجەستە دەکات کە ئیمرۆی نەتەوە وەک پردێک لە نێوان دوێنێ و سبەینێدا دەبینرێت، تێروانینێکی

ئەرێنی لە مێژوو دەخاتە ڕوو، نەک کۆمەڵێک ڕووداوی تاڵ وتاریک، ئەمەش سەرچاوەیەکی ڕووناکی و فێربوون و ئیلهامە بۆ نەوەکانی داهاتوو،
شاعیر دەلالەتە شاراوەکانی پەیوەندی (تاک و کۆمەڵ ، سروشت وکولتوور ، شوناسی کەسی و نەتەوەیی )لە چوارچێوەی گوتاری هیومانیستی_ نەتەوەیدا دەردەخات. شەپۆل وەک نوێنەری تاک و ڕووبار وەک سیمبولی کۆمەڵ پەیوەندییەکی ئۆرگانیک و دژبەریان پێکهێناوە، لە فەلسەفەی هیومانیزمدا تاک و کۆمەڵ لە جەوهەردا دوو دیوی دراوێکن بە پێی تیۆرییەکەی هابرماس گۆرانکارییەکی بچوک لە ئاستی تاکدا، دەتوانێت کاریگەری لە سیستمی گشتی نەتەوەدا هەبێت، لێرەشدا شەپۆلێک (گوزارشتە لە هەر تاکێک ) دەتوانێت ڕێڕەوی مێژووی نەتەوەکەی بگۆڕێ و بەرگری لە سڕینەوەی کولتووری وناسنامەی نەتەوەیی بکات.
ئەم شیعرە گریانێکی هیومانیستییە بۆ کەسانێک لە پێناوی خاک و نیشتمانی خۆیان خەباتیان کردووەو لە پێناویا شەهید بوون، ئەمەش شینێکی گشگیرە بۆ سەرتاسەری مرۆڤایەتی کە لە ژێرباری نەبوونی ئازادی و یەکسانی دادپەروەری دەناڵێنێن، بەمەش شاعیر پەیامی هیومانیستی خۆی وەک بەڵگەیەکی مێژوویی تۆمار دەکات.

کاتێک شاعیر وشەکانی دەکاتە هاوارێکی دڵسۆزانە لە بەرامبەر هەموو کارەساتە مرۆییەکان ،ئەوا ئەم شیعرەی لێ بەرهەم دێت و لە ژێر ناونیشانی " وێرانی" دا وشەکانی دەهۆنێتەوە ، وێرانی وشەیەکی توندە هەم وێرانی (وێرانی نیشتمان )وەک لەدەستدانی یەکڕیزی ، ئازارو ڕەنجی نەتەوەیی ، هەم (وێرانی دەروونی )وەک شکاندنی دەروون ، تێکچونی پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان و وێرانی هەست و سۆز لە ئەنجامی زەبرێکی دەرەکی دەگرێتە خۆ . ئەم دوانەیە پێکەوە دەلالەتێکی بەهێز دروست دەکەن کە لە هەردووئاستی تاکە کەسی و کۆمەڵایەتیدا کاریگەرن، شاعیر لە ڕێگەی ناونیشانەوە خوێنەر ئامادە دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ بابەتێکی قورسدا و بە تەکنیکی گێرانەوە پێمان دەڵێت :

**درەختێ لە ڕەگی خۆی تۆرا**
**بۆ ناوکێوەکانی ئەودیو سنوورەوە**
**سەری هەڵگرت**
**دەزووی غوربەتی**
**ئەم سەرزەمینەی ئاڵاندە دڵی و**
**گلۆرەی چەمی**
**زگماکی ناخی خۆی هەلکرەوە**
**دوێنێش کە بینیم**
**لە ژێر بێزاری و ڕەشەبای زریان**
**بۆ خاکی دایکی بە چۆکی ئەدا و ئەکڕووزایەوە**

**له ژێر شاباڵی بێ سروەی گریان**
(دەشتی،٢٠٢١،٢٥)
شاعیر وەک وێنەکێشێکی شارەزا به ڕەنگی وشەکان تابلۆیەکی غەمگین لە وێرانی دروست دەکات ، لە هەر دێڕێکدا هێڵێک لە ئازاری نەتەوەیی دەکێشێت. هەر لە دێڕی یەکەمدا میتافۆرێکی قوڵ دەخاتە ڕوو بەرامبەر ئەو گۆرانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەی ڕوبەڕووی گەل دەبێتەوە وەکو ئەوەی ژیان لە بنەما ڕەسەن وسەرەتاییەکەیەوە هەلکەندرابێت، گواستنەوەیەکی شۆرشگێرانە دەکات کە تیایدا فەزای فیزیکی دەگۆرێ و لە ڕێگەی دەربڕینی ئازارە کۆمەڵایەتیەکانەوە ( سەری هەڵگرت، دەزووی غوربەتی) ئەو مەسەلە نەتەوەییانە بەیان دەکات کە هۆکاری دابەشبوون و پەرتەوازەبوونی گەلێکە، هەروەها وێنایەکی جوان بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ بە خاکەکەیەوە دەکێشێت و وەکو هاوارێکی بێدەنگ لە قوڵایی ڕۆحی نەتەوەیی دەردەکەوێت کە تێیدا غوربەت تەنها داڕانێکی جوگرافی نییە، بەڵکو بێگانە بوونی تاکە لەخاک و کۆمەڵ و مێژووەکەی
ئەو بینینەی شاعیر لە دەستنیشانکردنی کات لە ڕابردوودا ( دوێنێش )هێمای بینینەوەی بەردەوامی مرۆڤێکە پڕ لە ئازار، هەروەها دیمەنێکی درامی دروست دەکات و لە ڕێگەی کەسێکەوە کە لە ژێر ڕەشەبای زریان و بێزاری قورسدا دەبێتە دەنگی ئەو مرۆڤانەی کە لە ژێر فشاری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەژین و سەرباری ئەوەش لە بری وەستان لەم تاریکییەدا، لە پێناو ئەوەی تواناو دەسەڵاتی نیشتمان نەکەوێتە بەر مەترسی بە بێ دەرخستنی بیرێکی توندڕەوانە و زمانێکی زبر و تاوانبارکردن و نەفرەت، ئەو میهرەبانی و پیرۆزییە دەردەخات کە بۆ خاکی نیشتمان هەیەتی، شاعیر لە کۆتایی شیعرەکەدا وێنایەکی هیوادارانە دروست دەکات ،ئاماژە بەو باوەڕە هیومانیزمییە دەدات کە مرۆڤ و نەتەوە بە هێز و کەرامەتەوە دەتوانن ڕووبەڕووی هەر چەشنە هەڕەشەیەک ببنەوە
شاعیر دێری کۆتایی دەکاتە هێمای ئەو دۆخەی کە تیایدا مرۆڤ ناتوانێت بە ئاشکرا هاوار بکات و گوزارشت لە دەردەکانی بکات، چونکە دەسەڵاتەکان بە شێوەی جۆراوجۆر بیری ئازادی نەتەوەیی سانسۆر دەکەن، بەڵام سەرباری هەموو ئەمانە گەڕانەوە بۆ خاکی دایک و بە چۆکدادانی سەرجەم بەربەستەکان هێمای بەردەوامی و ئیرادەی نەتەوە دەکێشێت. لە کۆتایدا ئەو مرۆڤەی شاعیر لە سەرەتاوە بە هێمای درەخت کردیە فیگەری نێو ئەو پۆترێتەی کە ئایدیا مرۆڤیەکانی لێوە بەرهەم هێناوە، مرۆڤێکە لە هەر قوژبنێکی ئەم جیهانە بێ جیاوازی، شاعیر هیچ دەلالەتێکی دەرنەخستووە ئەم مرۆڤە خاوەنی چ ناسنایەکی نەتەوەییە بۆیە لێرەدا دەنگی شاعیر دەنگی گشت مرۆڤەکانە .

لە کۆتاییدا هەڵبەت هەموو پەیامێکی مرۆیی پەیامێک نییە لە ڕووی دروشم حەماسەت بە دیار بکەوێت ، پەیامی هیومانیزمی و

خۆشەویستی و هەموو ئاکارە ئەرێنییەکان، لە ڕێگەی دەستەواژەی شیعرییەوە دادەگیرسێ و داڕشتنی خۆی وەردەگرێ . هیومانیزم لای کەریم دەشتی هاوار نییە لە شیعردا بەڵکو گۆزارشتە لە گشت مرۆڤایەتی، بە پێوەدانگی ئەوەی لە سەرجەم دیوانەکەیدا شیعرێکی لۆکاڵی بەرچاو ناکەوێت کە شوێنکاتی خۆی پێوە دیار بێت ، بەڵکو هەموو شیعرەکانی ئەتمۆسفێری ژیانی شاعیریان تێپەڕاندووە بۆ تەواوی مرۆڤەکانی سەر زەوی . هەر بۆیە لە پرسی نەتەوەیشدا شاعیر نەتەوەخوازی ناکاتە ئامانج بەڵکو وەک ئامرازێک دەیبینێت بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە دەستی جەور و ستەم، لێرەشدا شیعرەکانی هێندەی ڕۆحی ژیان ویستی و ئازادی نەتەوەییە لە سەر بنەمای بەدەستهێنانی ئازادی کەسی هێندە دروشم نییە .

ئەنجام

١-بیری هیومانیزمی لە شیعرەکاندا بە گشتی وێنەیەکی شکۆمەندانەی تاکی مرۆیی بەرجەستە دەکات لە پاراستنی بەهاو هەستی خۆدەرپرین و خۆناسین کە ئەمەش هاوسەنگ دەبێتەوە لە گەڵ هەردوو ئاستی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی ، وەک ئەوەی تاک چەند خۆی بناسێت ، ئەوەندەش ئازادی بەدەست دەهێنێت هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتی ، هەم دەستەبەری نەتەوایەتی .

٢-وێنەی ژن وەک مرۆڤێک لە شییعرەکانیدا وەک بوویەکی ئیستاتیکی و هێز و پڕ لە درەوشانەوە و بوونێکی چالاک و پڕ لە مرۆڤایەتی وێنای کێشاوە

٣-لە سەرجەم شیعرەکاندا دەنگی شاعیر دەنگی مرۆڤە و شوێنکاتی خۆی لە سەر شیعر جێنەهێشتووە هەر بۆیە جوگرافیای خۆی تێدەپەڕێنێت و دەبێتە دەنگی گشت مرۆڤایەتی

٤-وێنەیەکی شکۆمەندانەی هیومانیزمی نەتەوەیی پێشکەش دەکات کە تێیدا بەرپرسیاریەتی مێژوویی دەخاتە ئەستۆی مرۆڤایەتی و مرۆڤ دەکاتە پردێک لە نێوان ڕابردوو داهاتوو .

٥-شاعیر نەتەوە خوازی ناکاتە ئامانج بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ دەیبینێت و لە بری دروشمسازی هەوڵی ژیانەوە سەرلەنوێ چەکەرەکردنی دیدگای نوێ دەدات



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

سەرچاوەکان
- ١ کازیوەی سپی شیعر/ کەریم دەشتی / بەرگی یەکەم( ١٩٨٠-٢٠٠٩)
چ. سێهەم / خانەی موکریان /٢٠٢١
٢-هیومانیزم / کۆمەڵێک نوسەر / ٢٠١٨ / دەزگای ئایدیا /سلێمانی / زنجیرە ٢٧١
٣- مرۆڤ ، د عەلی شەریعەتی ،و موسعەب ئەدهەم ، چ سێیەم ٢٠١٤ ، ناوەندی سایە ، سلێمانی ،
٤-سەرەتایەک دەربارەی ڕۆشنگەری ئەوروپی ، هاشم ساڵح ، م شوان ئەحمەد ، چ یەکەم ، ٢٠٠٧ ، چاپخانەی ڕەنج ،سلێمانی
٥- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی ، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ، چاپخانەی بینایی ، ٢٠١١، سلێمانی
٦-زانستی دەق لە ئەدەبدا / ڕێبوار محەمەد مەلا زادە/ ٢٠٢١ / ناوەندی ئاویەر / هەولێر
٧-توێژینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی / سامان عیزەدین سەعدوون / ٢٠٢٢/ چ یەکەم/ چاپخانەی سەردەم / سلێمانی
٨-کۆکردنەوەی شەونمی شیعر / کەریم دەشتی / ٢٠١٩ / چ. دووەم / چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر
٩-دید و دیدگا / کەریم دەشتی / ٢٠١٢/چ . یەکەم /چاپخانەی موکریان / هەولێر
١٠-ڕەنگدانەوەی بیری لیبراڵی لە باشوری کوردستان / هیوا عەزیز سەعید/ ٢٠٠٦/چاپخانەی یاد ، سلێمانی
١١-ناسیۆنالیزم و سەفەر ، مەریوان وریا قانع /چاپخانەی ڕەنج /٢٠٠٥/ چ ١
١٢--ئەدەب چییە / ژان پۆل سارتەر / و . مستەفا غەفوور / ٢٠٢٠/ چ . دووەم / بڵاوکراوەکانی کولتوور بۆ چالاکی ئەدەبی و فەرهەنگی
١٣-مێژووی هزری کۆمەڵایەتی ، د ڕێبوار سیوەیلی، ٢٠١٣، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر
١٤- افاق انسانییە فی الادب و الفکر / احمد حمد النعیمی /٢٠٠٧
١٥- گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، عەطا قەرەداخی، ٢٠١٣، سلێمانی ،بەرگی دووەم
١٦-بیری نەتەوەیی کوردی، جەمال نەبەز، ٢٠٠٢، چ٢، لەندەن، بەریتانیا



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

١٧- فرهنگ متوسط دهخدا ، على اكبر دهخدا، چاپ اول ، ١٣٨٥ ، چاپ دانشگاه تهران
١٨- فرهنگ ادبيات ونقد ، جی.ای. كادن ، م. كازم فيروزمند ، چاپ دوم ، نشر شادگان ، تهران ،١٣٨٦
١٩- فرهنگ علوم انسان ، داريوش اشورى ، ١٣٨٩، تهران
٢٠- هيومانيزم در شرقى او غربى فلاسفه ونظره ،خيرنوال سلطاني منگل ، ١٣٩٠، لمريز
٢١- اومانيسم و رنسانس ، پی ير مارى ، عبدالوهاب احمدى ، ١٣٩٩ ، فرهنگ بان ، چاپ سوم ، تهران-

نامە ئەكاديمييەكان
٢٢-چەمكی مرۆڤایەتی لە شیعرەكانی عەبدوڵا پەشێو و ئەحمەد شاملۆدا ، عەدنان عەبدولڕەحمان تەها، ٢٠١٣، سكوڵی زمان، زانكۆی سلێمانی/ دكتۆرا
٢٣-ڕەهەندی كۆمەڵایەتی لە (دەقە شیعرییەكانی لەتیف هەڵمەت ) دا عەدنان ئەحمەد مستەفا ، ٢٠٢٢، نامەی ماستەر ، زانكۆی چەرموو / ماستەر
٢٤- ڕەنگدانەوەی هیومانیزم لە چیرۆكی ڕۆژهەڵاتی كۆردستان ، ڕێزان غەفور ،٢٠٢٣ زانكۆی سەلاحەدین /دكتۆرا
٢٥-ڕێچكەكانی گوتاری ڕەخنەی شیعری لە ئەدەبی كوردیدا (كرمانجی خواروو ١٩٢٠- ١٩٧٠) ٢٠١٩ سكوڵی زمان. زانكۆی سلێمانی / دكتۆرا

26-Humanism and Morality , Brian Ellis , 2015 ,
27-Humanism , Tony Dives , 2008 , Routledge ,NEW YORK
28-The Civilization of the Renassance in Italy , Jacob Burckhard, T ,by S.G.C.Middlemor, Translated by A.G.C.Middlemore ,1878
29-On Humanism , RICHARD NORMAN , 2005, by. Routledge , LONDON AND NEW YORK

اومانيسم (انسانگرايى) و فرهنگ
https://poyanbama. ir
Renassa, nce Humanism , Mark Catwright , 2020
Hhtps:/www. Worldhistory . org
humanist.orghttps://american
web.net https://hawler
پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی و كاریگەری لە سەر هۆشیاری تاك، د.ڤیان سلێمان ،٢/٧/ ٢٠٢٢، ڕۆژنامەی هەولێر

resources
١-Kaziway Spi Poetry / Karim Dashti / Volume 1 (1980-2009) Ch. Third / Mukriyan House/
-٢Humanism / Group of Writers / 2018 / Idea Institute / Sulaimani / Series
-٣Man, Dr. Ali Shariati, and Mus'ab Adam, Ch. Third 2014, Shadow Center, Sulaimani,
-٤Introduction to European Enlightenment, Hashim Salih, M. Shuan Ahmad, Ch. 1, 2007, Ranj Printing House, Sulaimani
-٥Dictionary of Literary and Critical Terms, Nawzad Ahmad Aswad, Binayi Printing House, 2011, Sulaimani
-٦Text Science in Literature / Rebwar Mohammed Mullazadeh / 2021 / Aviyer Center / Erbil
-٧Research of Literary Criticism / Saman Ezadin Saadoon / 2022 / Ch 1 / Sardam Printing House / Sulaimani
-٨Collection of Shawnmi Poetry / Karim Dashti / 2019 / Ch. Second / Erbil Cultural Printing House
-٩Did u Didga / Karim Dashti / 2012 / ch. First / Mukriyan Printing House / Erbil
-١٠Reflection of Liberal Thought in South Kurdistan / Hiwa Aziz Saeed / 2006 / Yad Printing House, Sulaimani
-١١Nationalism and Travel, Mariwan Warya Qane, Ranj Printing House, 2005, vol
.١٢What is literature? Jean-Paul Sartre. Mustafa Ghafoor / 2020 / Ch Second / Cultural publications for literary and cultural activities
-١٣History of Social Thought, Dr. Rebwar Siwayli, 2013, Vol. 2, Rojhelat Printing House, Erbil
-١٤Human Horizons in Literature and Thought / Ahmad Hamad Al-Naimi/
-١٥Discourse of Kurdish Nationalism, Atta Karadakhi, 2013, Sulaimani, Vol

.١٦Kurdish National Thought, Jamal Nabaz, 2002, Vol. 2, London, UK

-١٧Medium Dictionary of Dakhda, Ali Akbar Dakhda, first edition, 2006, Tehran University Press
-١٨Dictionary of Literature and Criticism, G.I. Caden , M. Kazem Firouzmand, Second Edition, Shadgan Publishing House, Tehran,
-١٩Dictionary of Humanities, Dariush Ashuri, 2010, Tehran
-٢٠Humanism in the East or West, Philosophy and Theory, Khairnwal Sultani Mangal, 2011, Lamriz
-٢١Humanism and Renaissance, Pierre Marie, Abdul Wahab Ahmadi, 2010, Farhang Ban, Chap Sum, Tehran -

Academic Letters
-٢٢Concept of Humanity in the Poems of Abdullah Pashew and Ahmad Shamlo, Adnan Abdulrahman Taha, 2013, School of Language, Sulaimani University/Ph.D
-٢٣Social Dimension in Latif Helmet's Poetic Texts Adnan Ahmad Mustafa, 2022, Master's Thesis, Charmo University / Master's Thesis
-٢٤Reflection of Humanism in the Story of East Kurdistan, Rezan Ghafoor, 2023, Salahaddin University / Ph.D
-٢٥Pathways of Discourse of Poetic Criticism in Kurdish Literature (Lower Kurdish 1920-1970) 2019 School of Language. University of Sulaimani / Ph.D

-٢٦Humanism and Morality , Brian Ellis , 2015,
-٢٧Humanism, Tony Dives, 2008, Routledge, NEW YORK
-٢٨The Civilization of the Renaissance in Italy , Jacob Burckhard, T ,by S.G.C.Middlemore, Translated by A.G.C.Middlemore ,1
-٢٩On Humanism , Richard Norman , 2005, by. Routledge , LONDON AND NEW YORK

Humanism and Culture https://poyanbama. ir
Renaissance, nce Humanism , Mark Catwright,
Hhtps:/www. Worldhistory org
https://americanhumanist.org
https://hawlerweb.net
Social education and its impact on individual consciousness, Dr. Vian Sulaiman, 7/2/2022, Erbil newspaper